# هەڵپرووکانی پەڕەی گوڵێک

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

نەجیبە ئەبوبەکر

# هەڵپرووکانی پەڕەی گوڵێک

چیرۆک

پێشکێشە:
بە هاوڕێی بەڕێزم خاڵۆم ڕەسووڵ، ئەو کەسەی کە فێری کردم و هانی دام لە ناوجەرگەی تاریکییەوە بەخوێندنەوەی ئەو کتێبانەی بۆی دێنام ڕووناکی بدۆزمەوە.

ناوی کتێب: هەڵپرووکانی پەڕەی گوڵێک – چیرۆک
نووسینی: نەجیبە ئەبوبەکر
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٣٢
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + تریسکە ئەحمەد
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی یەکەم – ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢٥٠٩ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

# هەڵپرووکانی پەڕەی گوڵێک

ئەم بەیانییە زەنگی تەلەفۆنی سەر مێزەکەم لێی دا و کارمەندی پێشوازی پێی گوتم خەڵکەکە کۆبوونەتەوە و چاوەڕوانی من دەکەن. هەروەک ئەو هەواڵە سەوڵ بێت و لەناو دەریای پرسیارەکانمدا بەرەو کەناری وەڵامم بەرێ دڵخۆشانە گوتم هەر ئێستا دێم.

ئەو فۆرمانەم لەسەر مێزەکەم هەڵگرت کە بۆ بەخشینی عارەبانەی کەمئەندامی بۆ خەڵکەکەم پڕ کردبووەوە، هەر کەسە و دوو فۆرم یەک بەکوردی و یەک بەئینگلیزی. ئەو فۆرمەی کە مەبەستم بوو لە سەرووی هەموو فۆرمەکانەوە دام نابوو. ئەو فۆرمە لای من، لە بەرچاوما تەنیا فۆرمی کۆمەڵێ زانیاری وەک ناو و تەمەن و ناونیشان و ژمارەی پێوانی جەستەی کەسەکە نییە، بەڵکو فۆرمی چیرۆکی خەونێکی بێ کۆتاییە، ئەندێشەی بەدەر لە سنوورەکانە، نیشانەی پرسیارێکە من و ئەو ئافرەتە ئینگلیزەی کاری وەرگێڕانی بۆ دەکەم وەڵامەکەیمان پێ نادۆزرێتەوە، ڕستەیەکە بەنیشانەی سەرسوڕمان کۆتاییی هاتووە منیش تەنیا پێم دەکرێ نیشانەی سەرسوڕمانی تری بۆ دانێم، دەنگێکە لە بێدەنگیدا، زەنگێکە لە بێهۆشیدا، ترووسکەیەکە قووڵترین هەناسەی ژیان لە مردن دەسێنێ، زمانێکە هێشتا لێرە قسەی پێ نەکراوە بۆیە کەس لێی تێناگا، ئەستێرەی ئاسمانێکە لە گەشاوەترین

ئاستیدا خۆی بۆ گەشتێک بەرەو ئەودیوی گەردوون ئامادە دەکا، ڕەنگێکە لە ڕەنگدانەوەی چاوەکانمان نامۆیە لە چاوێکدا ڕەنگ دەداتەوە گەرد بیلبیلەی لێڵ نەکردبێ، دەنگێکە لە گوێی ئێمەدا دەنگ ناداتەوە لە گوێیەکدا دەنگ دەداتەوە کەڕەناکانی گوێی دەریا و ئۆقیانووسەکان بسمێ، دیمەنێکە نیگارکێش لە ئاستیا دۆش دادەمێنێ و ناتوانێ پەی بە پەنهانی دیوی ناوەوەی بەرێت و تەنیا یەک گۆشەی بچووکی بنەخشێنێ.

چاوم بەنێو هەموو خەڵکەکەدا گێڕا ئەوم نەبینی، لەو شوێنە وەستابووم کە ئەو جارەکەی تر لێی دانیشت و چاوەڕوانی منی دەکرد . دڵم داخورپا، ئافرەتە بیانییەکە هەستی پێم کرد، ئەویش کەمێ بەنەهاتنی " کاژین " نارەحەت بوو. من لەبەر ئەو نەمتوانی یەکسەر بۆ ماڵیان بڕۆم و بزانم بۆ نەهاتووە چونکە دەبوو قسەی خەڵکەکەی بۆ وەرگێڕم. بیرکردنەوەشم هەر لای " کاژین " بوو، ئەو کچە هەرزەکارە تەمەن چواردە ساڵە لەناو زەین و قووڵاییی بیرکردنەوەی مندا داستانێکی دروست دەکرد.. یەکەم جار کە بۆ داواکردنی عارەبانەی کەمئەندامی هێنایان نەمدەزانی هەر چوارپەلی ئیفلیجە و تەنیا سەر و ملی دەجوولێتەوە.کە لێی نزیک بوومەوە تاکو ئەم فۆرمەی بۆ پڕ بکەمەوە هەستم کرد شتێک زۆر سەرەنجم ڕادەکێشێ. من پرسیاری ئاساییم لێ دەکرد کەچی ئەو زیرەکانە و خەیاڵاوی و بە دوو چاوی گەش و زەردەخەنەیەک کە وەک دایکی باسی دەکرد ڕووی جێ ناهێڵێ وەڵامی دەدامەوە. ئەوانە وایان لە من و ئافرەتە بیانییەکە کرد دیارییەکی بۆ بکڕین و من بۆ ماڵیان بیبەم تاکو بزانین نهێنییەکە چییە و ئەو خێزانە لە چ ئاستێکدایە.

ماڵیان لە دەوروبەری شار بوو، کە چوومە ژوورەوە بینیم خانووەکەیان تەنیا یەک ژوور و هەیوانێک بوو بانەکەی دار بوو." کاژین " لە گۆشەی ژوورەکەدا سەرینیان کردبووە تەنیشتەکانی و پشتی بەدیوارەکەوە دابوو.. دایکی گوتی:

– زۆربەی کات بەڕۆژەوە ئەوها پاڵ بەدیوارەوە دەداتەوە و زیندەخەو دەبینێ.

ورده ورده توانیم خۆمی لێ نزیک بکەمەوە و وای لێ بکەم نەختێ باسی زیندەخەونەکانی خۆیم بۆ بکات. کە دایکی و خوشک و براکانی چوونە دەرەوە بۆی باس کردم لە زیندەخەونەکانیدا فڕۆکە لێ دەخوڕێ، بەدووکەڵی سپیی فڕۆکەکە ناوی خۆی لە ئاسمان دەنەخشێنێ، گەشتێک بەنێو هەور و هەسارەکاندا دەکات، لەوێ کۆشکێکی جوانی هەیە، بەددان وێنەی ڕەنگاوڕەنگی کێشاوە، لە وێنەکاندا لەسەر عارەبانەی کەمئەندامییە و کۆڵان بە کۆڵان بەناو هەورەکاندا گڕی دەدەن، دەگەڕێ و بانگەوازێک دەکات، لەوێ دەست و لاق و جەستەی بوونە بە دەنگ، عارەبانەی کەمئەندامییەکەشی بووەتە دەرگای قەفەزێک ڕووحی لێوەی ئازاد بووە..

منیش چیرۆکی "جۆنی" م بۆ گێڕایەوە ئەو کچەی کە هەر چوارپەلی ئیفلیجە بەڵام ڕێکخراوێکی بەناوبانگی بۆ بەخشینی عارەبانەی کەمئەندامی لە جیهاندا دامەزراندووە و پاش چەند ڕۆژێکی تر عارەبانە بۆ ئەویش دەنێرێ.

کە لە کارەکانمان تەواو بووین لەسەر داوای خۆم ئافرەتە بیانییەکە داوای لە یەکێ لە شوفێرەکان کرد من و ئەو عارەبانەیەی کە ڕۆژی پێشوو بۆمان هاتبوو بۆ" کاژین " بەرێ . هەر چەند چرکەیەکی ترە و دەگەمە ماڵیان، ئەو ئاواتەی دەمێکە زیندەخەوی پێوە دەبینێ بۆ دێتە دی. خۆت جارەکەی تر پێمت گوت عارەبانەی کەمئەندامیت دەوێ تاکو لەبەردەرگا پڕ لە چاڵ و سیاناوەکەی ماڵتاندا لەسەری دانیشیت و سەیری دەرەوە بکەیت، سەیری براکانت بکەیت چۆن لەگەڵ کوڕانی گەڕەکدا تۆپێن و کەلایێن دەکەن، سەیری خوشکەکانت بکەیت چۆن لەگەڵ کچانی گەڕەکدا خانە خانە و ڕاوڕاوکێ دەکەن، سەیری جووڵانی دەست و پێیان دەکەیت، سەیری ئەو کچانە دەکەیت کە بە زرووقەی پێکەنین و گاڵتەوە لەبەردەرگا ڕاوەستاون باسی نهێنییەکانی خۆیان بۆ یەکتر دەکەن.. ئەوان نازانن و نابینن تۆ بە سیحری ئیلاهی غەیب دەبی و لە ناو یاریی کوڕەکاندا دەبی بە کەلای ئەڵماس و تۆپێکی نەسرەوت وەک تۆپی هەسارەی زەوی، لە ناو یاریی کچەکاندا دەبی بەگۆڕەپانێکی سەوز

و یاریکەر، لە نێوان کچانی بەردەرگا ڕادەوەستی و تەنیا ناونیشانی نهێنییەکانی خۆت دەدرکێنی ناونیشانی دەریایەک خۆت تێیدا پەری دەریایت و، لەگەڵ مەرجان و ماسی و مارماسییەکاندا بەچەشنێک هۆگری یەک بوونە کە جیابوونەوە نەتوانێ درزێک بە پێوەندییەکانتان بەرێ.. پەرییەک خۆر و ئاسمان و دەریا سووزدەی بۆ دەبەن.

پێمت گوت چەند ساڵە دەتەوێ عارەبانەی کەمئەندامیت هەبێ تاکو نەورۆزانێک خۆت و عارەبانەکەت بۆ سەیران بەرن و لەناو دەشت و سەوزاییی بەهاردا پیاسەیەکت پێ بکەن.

گەیشتمە بەردەرگای ماڵیان، لافیتەیەکی ڕەشم بینی ناوی ئەوی لەسەر نووسرا بوو، پێش چاوی منیش وەک لافیتەکە ڕەش بوو.. لە یەکێ لە براکانییەوە زانیم ئاوی گەرم لە دەست خوشکەکەی ڕژاوەتە سەر زگ و گورچیلەکانی و لە نەخۆشخانە گیانی سپاردووە. دایکی لە ماڵ نەبوو سەرەخۆشیی لێ بکەم، هاتمە ئەم قوژبنەی کە ئێستا لێی دانیشتوومە، ئەو شوێنەی هەموو ژیانی خۆی تێدا بەسەر دەبرد.

کۆچت کرد و ڕۆیشتی.. بەڵام زەردەخەنەکەت وا لەبەرچاوما لە ئاسمان دەدرەوشێتەوە، ئەو زەردەخەنەیەی لە دەروازەی شاردا هەڵواسرا، لەسەر زەوی مەنفی کرا، تۆ لە شارێکدا زەردەخەنەت کردبووە دروشم و پەیام زەردەخەنەی هەرزەکارێکی کەمئەندامی هەر نەناسیوە و بۆ چرکە ساتێکیش نەیبینیوە.. شاری دەست زبرەکان، ئەو دەستانەی دڕکیان لێ ڕواوە و لە هەڵپرووکاندنی پەڕەی گوڵدا زۆر بوێرن، لە ژاکاندنی پەرچەمی دارستانێکی پڕلە نهێنی و قەشەنگدا دوودڵ نین، لە تێکدانی هێلانەی باڵندەیەکی شەکەتدا سڵ ناکەنەوە، تامێکی هەیە کاتێ پووشی هێلانەکە بەژێر دارەکەدا پەرش و بڵاو دەبێتەوە و دەبێتە ئازووقەی ڕەشەبا باڵندەی بێلان و تەریو ناچار دەبێ بەشوێن پووشی بابردوو بکەوێ.

کۆچت کرد و ڕۆیشتی.. لە شوێنێک نەمای تێیدا نامۆ بووی.. بەعارەبانەی

کەمئەندامییەکەشدا نەگەیشتی، گەر هەتبایە نەدەسووتای، پێرانەگەیشتی لە دەرەوەی مـــاڵ کــاتی لەســـەر بەســـەر بەری، وەک ئەســـپـــێک لە ناو ژیانە ڕاوەستـاوەکـەتدا تاوی دەی، لە گـەشت و سـەیرانی نەورۆزدا بەشـدار نەبووی، ئەم بەهـارەشت وەک بەهارەکـانی تر بەهەناسـەسـاردی بردە سـەر.. بەهاری چی؟ ژوورەکـەت بەهـار و زسـتـان و هـاوین و پایز بـوو، لە دەرەوەی وەرزەکـاندا گوزەرت دەکرد.. بەهـار لای تۆ نوێبوونەوەی سروشت و گەشتی ئینسان نەبوو بەرەو سروشت بەڵکو گەشتی ناو بازنەی ژوورێکی تەسک بوو.. هـاوین لای تۆ پشووی قوتابخانە و یاریکردنی دەمەو ئێواران و خەوتنی سەربان نەبوو بەڵکو ڕزینی گـۆشتی پشت و ڕانت و دوومـەڵ دەرکردن و داتووڵانی جـەسـتـەت بوو لەسەر جێگا، لە گـەرمای نیوەڕۆدا ئارەقە تێکەڵ بە کێم و زووخـاوی زامەکانت دەبوو، بەچەشنێک لەگەڵ ئازاردا دەژیای ژان لای تۆ بووبوو بە ژیان، هـەروەک ئەوەی ژانی زامـەکـان سـڕیان کـردبی و مـەست بووبی بەزەردەخـەنەکـەت لە شـەقـەی باڵت دەدا و دەڕۆیشـتی لە باوەشی ئاسـمـان دەخـەوتی، فریشـتـەکـان گـوێیـان بۆ دەگـرتی و لەگـەڵیـاندا دەدوای.. پایز دەست پێکردنەوەی ســاڵی خــوێندن و هەڵوەرینی گــەڵای دار و خــۆئامــادەکــردن نەبوو بۆ دەست پێکردنەوەیەکی نوێ، بەڵکو هەڵوەرینی ڕۆژ و هەفتە و مـانگ و ساڵی تەمـەنت بوو لە ناو قـووڵترین بیری تاریکی.. زستان لای تۆ بەڕێدا ڕۆیشـتنی ژێرباران و شەڕە بەفر و پێ و گۆرەوی تەڕبوونی ناو کۆڵانەکان نەبوو، بەڵکو سڕبوونی دەست و پەنجە ساردەکـانت و شین هەڵگەڕانی سـەرتاپای جـەسـتـەت بوو لە سـەرمـا، تەنیا سـەرمـا پەی بە زەردەخـەنەکـەت نەدەبرد چونکە ئەزەلیـیە و تا ئەبەد دێتە خەونی ویژدانێک هێشتا مەلۆتکەیە و نەمەییوە.

# کورتە چیرۆک ڕازاو و دەریا

دەبێ تا کەی بەدەست ئەم ئازارانەوە ڕۆژگاری تەمەنم بەرمە سەر، دەڵێی بوومەتە دیلی هەتاهەتایی ئەم ڕۆژ و شەوانە و هەر دەبێ تا سەر لێواری مەرگ پێکەوە بین. ئەو ڕۆژانەی جاران خەونی ڕەنگاوڕەنگم بەبالآیاندا دەدووری، ئەو شەوانەی دام نابوو حەکایەتی هەزار و یەک شەوەیان بۆ بڵێم، لەگەڵ یەکەم قووقەی کەڵەشێر و دەرکەوتنی سپێدەدا شەو لە ئاستماندا چۆک دادا. ئێستاش من بوومەتە دیلیان.

ئەی ئەو قوتابخانە و خوێندنەی کە بەڕاستی مەبەستم بوو؟ من تەنیا لەو خوێندنەدا هەستم دەکرد دەگەم بەشتێک. ئەی خەونی دامەزراندنی ئەو ماڵە خنجیلانەیەی کە وەک هێلانەی پەڕەسێلکە لەلام دڵگیر بوو، بەباڵی ئەندێشەکانم هەموو جیهانم تەی دەکرد و تەنیا لە گۆشەیەکی ئەو ماڵە بێ ناونیشانەدا هەستم بە ئارامی و حەسانەوە دەکرد. ئەی ئەو شتانەی کە لە دوورەوە بچووک و لە ئەسڵدا گەورە لە ئاسۆوە بۆم دەدرەوشانەوە.. هەموو ئەوانە لە ڕۆژێکدا، بگرە لە چرکەیەکدا، سووک و ئاسان کۆتاییان پێ هات. ئەو ڕووداوە خەونەکانمی لە گوڵدانی ژیاندا ڕفاند و، لە ژێر ڕەهێڵەی ناو تاریکستاندا ونی کرد. ساڵانی تەمەنی لە ناو پریاسکەیەکی ڕەشدا گرێ دا و بەرەو سەفەرێکی نادیار ڕاپێچی کرد، لە وڵاتی قەزاو قەدەردا چارەنووسمی

دایە دەست نەهاتەوە. ملی بەهەورازێکی ئەوەندە سەختەوە نام کە هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبم بتوانم هەنگاوی سەرکەوتن بنێم. وای لێ کردم سەرنجی بەزەییی خەڵک ببێتە قۆچی گا و هێرشم بۆ بێنێ، ڕقم لە سەردانی ماڵە خزم و کەس بێ، حەز نەکەم نەبیانبینم نەبمبینن. ناخۆشترین کاتم لەگەڵیاندا جەژنەکانە، نازانم بۆچی لەو کاتانەدا زیاتر هەست بە ماڵوێرانی و دابڕانی خۆم دەکەم.

من ئێستا ئەو کچە جوان و زیرەکەی جاران نیم کە جێی سەرنجی ئەنجام " و مامۆستای کوردی و بیرکاری بووم. ئەم" ڕازاو "ەی ئێستا قەت جارێکی تر وەک جارانی لێ نایەتەوە، چی تر بۆم نییە لە ناو گۆشەیەکی پەنهانی ڕووحمدا نیگای کەسێک تیشکێکی وا لە سەرنجەکانمدا بخولقێنێ هەموو دنیا لە ژێر ڕووناکییەکەیدا بدرەوشێتەوە، ئیتر لە شاری دڵمدا حەز لە سەنگەردا ناوەستێ و، خەباتێک ناکات هەموو کەس وابزانێ تیایدا دۆڕاوە. ئەو ڕووداوە کتوپڕە ئالای سپی بەحەزی ناو سەنگەر هەڵکرد و، مەدالیای سەرکەوتنیشی لە بەرۆکی چاودێرەکان دا. بڕیارێک لەلایەن " ئەنجام "ەوە دەرکرا و بۆ تاهەتا من تیایدا سڕامەوە.

قەت باوەڕ ناکەم ناخم لەگەڵ ئەم ژانە پڕ سوێییەدا ڕابێ، ژانێک لە هەموو چرکەیەکدا وەک ئەوەی گوللەی ئاگردار بەزامەکەیدا ئاودیو بێ سەرلەنوێ قەتماغەکەی هەڵدەتەکێنێ، کە ئاودیویش دەبێ لە ژێر ڕووناکییەکەیدا ژیان دەبینم و تەماشای دەکەم، ژیلەمۆی سەر زامەکان داخی ئەو خۆزگەیە بەدڵمەوە دەنێن کە لەو ژیانە هاوبەش بوومایە نەک بینەر.

- ڕازاو، کچم دەبێ شوکر بی، هەن زۆر لە تۆ ناخۆشتریان بەسەرهاتووە.

نازانم دایکم مەبەستی کێیە لە من ناخۆشتری بەسەر هاتبێ؟! لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا وەک من ئومێدبڕاو بووبێ، لە تەمەنێکدا واقیع تێکەڵ بەخەیاڵ بووبوو.. لەوە ناخۆشتر چی هەیە شوورەیەکی ئاسنینی هەمیشەیی لە نێوان ئەندێشەکانم و ژیانە سەختەکەمدا بنیات بنرێ.

من دەزانم لێــرە کچ دوو شــتــی گــەورە دوارۆژی دیاری دەکـــەن، ئەو دوو شــتــەش شــووکــردن و خــوێنـدن تەواوکـردنـە. من هـەردووکم لـە دەست چووە. جـوانـی سـەرمـایەیەکی گـەورەی کـچـە من ئەویشـیـان بەتاڵان برد. سـۆز و هەستمیان لە ناو شەرم و خۆ بەکەمزانیندا تواندەوە، هەستی خۆشەویستی لەلام بەچەشنێک لەگەڵ ڕقدا تێکەڵ بووە ئەستەمە لێک جودا بکرێنەوە. شتێک نادۆزمەوە وەک جاران بۆ چەند ساتێک مەستم بکات، ساتەکانی مەستبوون لە ماڵ و خاوەندەکەیان تۆراون. ئەو ساتانە دنیا لەبەرچاوما لە ڕەنگ و بەرگی ئاسـاییی خـۆی دەردەچوو، منیش لەگـەڵیـدا دەگـەڕامـەوە سـەر شــتـە هەرە جوانەکـانی ناخم، ئەو سـاتانە شـەرم دەبووە شـانازی و ڕێزێک بۆ سـەرتاپای جـەســتــەم، خــۆ بەکــەم زانـین پەی نەدەبرد بەدەست و پەنجـە، لاقــەکـانم، سـەرنجـەکانم، بیری ماندوو و شپرزەم، هەوڵی بێ وچانم بۆ خۆجوانکردن و گۆڕینی سیمام نەدەدا.

ئێـسـتـا سـینـگێک کـە دڵێکی پڕ لـە سـۆزی لەخـۆ گـرتبێ لـە کوێ بێنم ئەم ڕوومـەتە زەرد هەڵگەڕاوە ناوەخـتـەی خـۆمی بەسـەرەوە بنووسـێنم، دەست و پەنجـــەیەک لـە کـــوێ بێنم وەک شـنەبای پاش گـــەردەلوول پەرچەمـی تێک ئاڵۆسکاوم نەرم نەرم بۆ وەلانێ، ئەشکە تینووەکانم بۆ بسڕێ، بەئەفسوونی چرپەکانی گریانە قووڵەکەم ژێر کاتەوە، بەلایلایەیەکی خوایی بمخەوێنێ.. خۆ من لە هەموو تەمەنما تەنیا جارێکم لە بیرە زۆر نەخۆش بووم باوکم دەستی بەسەرما هێنا و نێوچەوانی ماچ کردم، ئەوەندە بەلامەوە سەیر بوو شەرم دای گـرتم.. دایکیـشم تەنـیا جـەژن و جـەژن یەک یـەک من و خـوشک و براکـانمی ماچێکی ساردوسڕ دەکرد. بۆیە هەمیشە لە ناوەوەی مندا بۆشاییەک هەیە و ئەو بۆشـاییـەش پاش ڕووداوەکـە مـەوداکەی دەیان جـار گـەورەتر بووە. وەک نێرگزێکی سیس تینووی دڵۆپێ بارانم، وەک ئاسمانێکی پڕ لە ئەستێرە حەز بەتریفـەی مـانـگ دەکـەم، وەک درەخـتـێک لە کـاتی چرۆکـردنـدا پێـویسـتم بەگەزەنگی خۆری تازەیە، وەک پەپوولە هـەڵوەدای هەڵاوی هەناسەی گوڵێکم.. من خەڵکی شاری دڵڕەقەکانم، نازانم سۆز لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە و، لە

چیدا بەرجەستە دەبێ. لێرە سۆز لە ناو ڕووحێکی شاراوەدایە، لە مەکانێکدا دەگەڕێ، لە دڵێکی بچکۆلە دەگەڕێ تیایدا بڕوێ. لە گەڕەکی پڕ لە ژن و منداڵی بەر دەرگادا گەورە بوومە و زۆر بەکەمی سۆز ڕێی کەوتۆتێ، لە ناو خێزانێکی دە نەفەریدا دەژێم کە تێیدا هاوار و ڕق و تووڕەیی و زۆرەملێ شوێنێکیان بۆ سۆز نەهێشتووەتەوە.

خوایە من چیم کردبوو تۆ لەو ڕۆژە شوومەدا منت نەپاراست، بەقودرەتی بێ سنوورت فریشتەیەکی خۆت نەنارد ئاگری ڕق ڕاگرێ، باڵی ئارامی بەسەر دڵی تۆقیوی من دادا، بەدەستی پڕ لە تینی دەستی لەرزیوم بگرێ، بەتیشکی ڕووناکی سیمای لە نووردا غەرقبووی جەستەی بێ تاوانم بپارێزێ. ئەو فریشتەیە نەهات، ئای خوایە گیان نازانم بۆ نەهات، نەهات و من وام دەزانی نزیکە و نایەوێ خۆیم لێ بەدەرخا، بۆیە لە گەرمەی ڕووداوەکەدا لێی دەگەڕام، هانام بۆ دەبرد، لە ناو ڕووحێکی بەستەزمانەوە هاوارێکی وام بۆ دەکرد کە دنیا بێدار بکاتەوە، هاوارێ وەک پڕیشکی ئاگری بورکانێک لە زارمەوە دەرپەڕێ و خۆشم لەگەڵیدا بۆ جێگایەکی دوور لە ماڵی خۆمان و کەسەکانم تووڕ هەڵدا.. حەزم لە دوورکەوتنەوە بوو، دەمویست هێزێک، ترووسکەیەک، یان بوومەلەرزەیەکی خوایی نەک هەر زەمین، ئاسمانیش شەق بکات و منیش لە ناو دوو توێی ئەو ئاسمانەوە بارانی ڕق بەسەر هەموویاندا ببارێنم، بارانێک حەسرەت و زووخاوی من بێ، لە ساڵی هەرە گرانی و قات و قڕیدا بەسەر کێڵگە و باخچەکاندا ببارێ، لە جیاتی چرۆکردن لە ڕەگەوە وشکیان بکات، چاوی کانییەکان پڕ لە خوێن بێ و جارێکی تر لە کانگاوە هەڵنەقوڵێن..

پاش تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا هێشتا دەڵێم ئەو ڕووداوە کارێکی هەر وا ئاسان نەبوو، شتێک نییە بتوانم لە بیری بکەم.. "ئەنجام " هەر پاش ڕووداوەکە بە هەفتەیەک دەنگی خۆی خستە پاڵ دەنگی ماڵەوەیان و بڕیاری لەبیرکردنی منی دا، ئەو کات بۆم دەرکەوت ئەو تەنیا جەستەمی خۆش ویستبوو، لە نێوان ڕاستی و ڕووکەشدا تەنیا ڕووکەشی هەڵبژاردبوو، کرۆکی پێوەندی ئەو لەگەڵ مندا لەسەر تەنکە توێژێک وەستابوو، بەکەلبوونی توێژەکە

سەرتاپای پێوەندییەکەش لەبارییەک هەڵوەشایەوە. سەرنجەکانی نەیانتوانیبوو بستێک لە جەستەم دوورتر تێپەڕن، هەرگیز وێنەی ڕاستەقینەی منی نەبینیبوو، وێنەیەک بەدەر لە پێوەندی زەمان و شوێن، وێنەیەک ڕەنگەکانی لە ڕەنگی تابلۆیەکی گەردوونی دەچوو، وێنەیەک گەر مەبەستی بووایە دەیتوانی لێی ڕابمێنێ، بیری لێ بکاتەوە.. زانیم گەر بۆ یەکیش بوونیایە تا مانگێ پاش ژیانی هاوسەریەتی منی شێتانە خۆش دەویست، پاشان چاوی بەسەر سینگ و لەش و لاری کچانی تردا دەگێڕا، ئیتر لە بازنەیەکی داخراودا دەسووڕایەوە، نەیدەزانی شتێکی مەزن و گەورە لە دەرەوەی بازنەکەدا هەیە، گەر بتوانێ بیبینێ لە چوارچێوەی بازنەکە دەردەچێ، کەسی ئەودیو پەردەی لێ دەردەکەوێ.

زۆر جار لە خەونمدا دەمرم، لەگەڵ مردووەکاندا هەناسەی ئاسوودەیی و دڵنیایی هەڵدەکێشم، لەگەڵ ئەواندا بەرنامەی خەون و ئاواتی چەندان ساڵەی بابردوومان سەرلەنوێ دادەڕێژینەوە.. گفتوگۆ لەگەڵ ئەواندا دەست پێکردنەوەیەکی نوێیە بۆ ژیان، ژیانێک جیا لەم ژیانەی ئێستام، ژیانێک ئاوازێکی ئاشنا بەڕووحم مێژووەکەیەتی، حەقیقەتێکی بەدەر لە هەموو پێچ و پەنا و پەردەیەک ناونیشانەکەیەتی، ئازادییەکی ڕەها خۆرەکەیەتی.. ئازادییەک وەها لەگەڵ تیشکی ڕووناکییەکەیدا تێکەڵ دەبم کە ئیتر لێک جوداکرنەوەمان مەحاڵ بێت. گورزەیەک لە تیشکی ڕووناکییەکە دەگرم و جۆلانێ دەکەم، سەرەتاتکێ لەگەڵ ئەو کەسانە دەکەم کە بەحیسابی خۆیان زیندوون. هەمووومان دەستە بەدەستە لەگەڵ تیشکەکاندا تێکەڵ بووینە، پێکەوە هەموو بووینە بەخۆر.

ئەو خەونانە خۆشترین شتن لە ژیانی مندا. ژیانێک هەمیشە کە دێم هەناسەیەکی ئارامی تێدا هەڵبکێشم لە ناکاو دەنگێکی ئێجگار ترسناک دەمهەژێنێ. نازانم دەنگی دێوە، هەورەتریشقەیە، گوللەیە.. ئەوەندە دەزانم لە ناوجەرگەی تاریکییەوە دێ.. هەر لەو دەنگە دەچێ کە لە ڕۆژی ڕووداوەکەدا هات و وەک گەردەلوول منی بۆ لای خۆی ڕاپێچ کرد.

که لەگەڵ دایکمدا چووینە ناوبژی هەردوو براکەم قەت لەو بڕوایەدا نەبووم "هەردی " دەست داتە چەک، کە "هەرێز " ڕاوی نایە ژووریٰ وامان زانی دەرگە لەسەر خۆی دادەخا، کەچی بە خێراییەکی لە ئەندازەبەدەر پەلاماری کلاشینکۆفی دا، فیشەکەکانی ڕاستەوخۆ ئاراستەی "هەرێز " و ئێمەش کە لە نزیکی وەستابووین تەقاند.. گوللەکان لە بری ئەو منیان پێکا. خوێن بەبالآمدا جۆگای بەست و کەوتم.. ئەویش بەخۆی و چەکەکەیەوە دەرپەڕییە دەرەوە و ڕای کرد. پاش پێنج ڕۆژ مانەوەم لە نەخۆشخانە پێی ڕاستەم وردە وردە شین هەڵدەگەڕا.. دوکتۆر بڕیاری بڕینەوەی قاچی ڕاستی دام لەسەر چۆکمەوە. قاچی چەپیشم دوو نەشتەرگەری بۆ کرا و خوار بوو.. براکەم سێ ڕۆژ لە بەندیخانە بوو، باوکم بەبێ ئاگەداری من بەری دا، وەک جاران گەڕایەوە ماڵەوە.. بەمن بێ کوێر بم بەس نەیبینم.. دایک و باوکم شوکری خوا دەکەن بەدەستی کوڕی خۆیان وام لێ هاتووە، گەر بەدەستی خەڵک بوایە تووشی دوژمنداری دەبوون ! وەک بەرزەکی بانان دەسووڕێتەوە، دیارە بە حیسابی ئەوان کارێکی وای نەکردووە جێی لێپرسینەوە بێ.

– خۆزگە کچم تۆ زەعیفەی لە جیاتی تۆ من بوومایە، چی بکەم، چانییە برای خۆتە و خەڵک نییە.

ڕۆژانی سەختی نەخۆشخانەم بە تاوێ بێهۆشی و تاوێ خەوی پاش چەندان دەرزی و حەبی ئازار و خەو، تاوێکیش وڕێنە بەسەر دەبرد. دایکم شەو و ڕۆژ لە دیارم بوو دەیگوت لە زۆربەی وڕێنەکانمدا باسی کەشتی و دەریا و ماسیی قرش و دارستانم دەکرد.. ئەو نەیدەزانی من ئەو کاتانە وێنەی کەشتییەک دەهاتە بەرچاوم شەپۆلەکان وردە وردە نوقمی ژێر دەریایان دەکرد. منیش لەگەڵ سەرنشینەکاندا بووم. هەرکە نوقمی ژێر دەریا بووین کۆمەڵێ ماسیی قرش هێرشیان بۆ دەهێناین.. پەلاماری نەفەرەکانیان دەدا و دەیانکردن بە کەلاک.. خوێن و دەریا بەسەر جەستەی ئینسانەکانەوە تێکەڵ بووبوون. یەکێک لەو قرشانە پەلاماری پێی منی دا و لە بنەوە لێی کردەوە، منیش باوەڕم نەدەکرد ئەوها لە چرکەیەکدا قاچم نەمێنێ، بێ ئاگا لە خۆم

دەمـویست بەهەڵەداوان بۆ لای ڕیش سـپـیی دەریا بڕۆم و داوا بکەم چاوێک بەدادپەروەری ناو دەریادا بخشـێننەوە، جۆری گوزەرانی نێوان ماسـیی گەورە و ماسیی بچووک و دڕندەییی قرشەکان بگۆڕن.

# ترسی ناو کۆشکێکی بە ڕەش ڕەنگکراو

٢٠٠٦/٥/٥

من چی تر توانای شاردنەوەی ڕەفتارە ناشرینەکانی ئەو بەدڕەوشتەم نەماوە، ئەم ئێوارەیە سامان لە ئیش بگەڕێتەوە هەموو شتێکی پێ دەڵێم، بەس با بێتەوە ڕاستییەکان دەنێمە مستییەوە. ئەو ڕاستییەی یان دەبێتە هۆی دوا دیمەنی تەمەنی سێ ساڵەی هاوسەریەتیمان و بێنازی و ئاوارەیی کوڕە کۆرپە ناسکەکەمان.. یان بەدەستهێنانی بڕوای ئەو بەتەواوی قسەکانم.

خوایە هێزێکی ئەفسووناویی وام پێ ببەخشە ڕەش سپی بکەم، کلیلی سندووقە ئاسنینەکەی مێشکی بدۆزمەوە، پەیتا پەیتا پیتی وشەکانم لەگەڵ خانە سستەکانی مێشکیدا بهۆنمەوە، سیحری وشەکان ژەنگاویی کەڵەکەبووی چەند ساڵەی سندووقەکە بەسەر خانەکانەوە بسڕێتەوە، چوارچێوەکەی لەباریەک بترازێنێ، دیوارەکانی داڕمێنێ.. پردێکی تۆکمە لە نێوانماندا دروست بکات و پێکەوە بەسەر ئەم گرفتەدا زاڵ بین.. ئەفسوونێک تەلیسمی ترسی ئەم دەستاڕەی سەر زمانی من بشکێنێ و چی تر وشەکان لە ژێر قورسایی خۆیدا وردوخاش نەکات.. ئەو گۆمە مەنگ و بۆگەنەی ناو هەناوم بشڵەقێنێ، چی سیاناو و لیتەی ناو گۆمەکە هەیە هەموو بپرژێتە سەر

دیواری ڕازاوەی ئەم خانووە جوانە، ئیتر ناو هەناوم وەک جۆگایەکی ساف و سازگار و بەسەر دڵ و مێشکمدا خوڕەی بێ و بدرەوشێتەوە.. ئاخر گەر هێزێکی وا نەبێ من چیم؟ منێکی بەدبەخت و دۆڕاو لە هەموو شتێکدا.. منێک کە هەرزەکار بووم لە هەموو ئەو فیلمانەی دەمبینین، لە هەموو پێشبڕکێی وەرزشەکاندا، لە ئاهەنگی دەستنیشانکردنی شای جواناندا، هەر بەزیندەخەو دەبوومە پاڵەوانی گشتیان .. هەموو پیاوان چاوەڕوانی دەرکەوتنی منیان دەکرد، منیش کە بەدەر دەکەوتم دەبوومە مایەی سەرسوڕمانیان، هاوڕم لێ نەدەدانەوە، جوانترین جلم لەبەردا بوو، چاوەڕێی ئەو کوڕە شازادەیەم دەکرد کە چەند ساڵ بوو لە ناو ئەندێشەکانمدا سیمایم دەچنی.. من پرچیشم هەر لەبەر خاتری ئەو کوڕە شازادەیە درێژ دەکرد، چونکە خاڵەم سابیر لە ناو یەکێ لە حەکایەتەکانیدا باسی ئەو کچە جوانە پرچ درێژەی دەکرد کە زۆر چاوەڕوانی کوڕە شازادە بوو هەر دەرنەکەوت، ئەویش لە چاوەڕوانکردن بێزار بوو، چوو لە ژێر دارێکی نزیک ڕێگەکە دانیشت و قژی بەردایەوە. کاتێ کوڕە شازادە تێپەڕی کچە نەیبینی چونکە پشتی لێ بوو، کوڕە عەشقی پرچە خاو و درێژ و جوانەکەی بوو.

ئەو کات دنیا بەهەموو جوانی ڕەنگ و دەنگ و سیمایەوە لای من بوو.. ئێستاش سامان منی لەم دوو ژوورەی قاتی سەرەوە داناوە، جار وایە بە دوو ڕۆژ نایەتەوە، بەحیسابی خۆی ماڵی میمکزای لە خوارەوەن، نەختێ بەتەمەنە و قسەی لێ ناوەشێتەوە! دەمەوێ لە بەردەم هەمووواندا ڕیسوای بکەم.

– دەستت لادە جارێکی تر دەستت بەرم بکەوێ دەیشکێنم، تێگەیشتی؟

هەروەک نەبای دیبێ و نەباران هەمیشە لە هەوڵی گەڕانی دەرفەتێکدایە.. نازانم ئەم ترسە بۆ وێزەی من بەرنادات هەنگاوێک بنێم! ترس تەنانەت لە زیندەخەونە پڕ لە نهێنی و سەمەرەکانیشمدا وێزەی بەرنەدەدام، دەبوو بە مۆتەکە، من زوو دڵی خۆم دەدایەوە و دەموت دە قەی چێکە خەیاڵە خۆ کەس ئاگای لێ نییە، کێ دەزانێ من ئەم خەونە خۆشانە دەبینم.. بەڵام ترسەکە،

ئاخ کە منداڵیش بووم ئەو ترسە هەرگیز دڵی جێ نەدەهێشتم، دەمزانی سەری منداڵی خەڵکم بشکاندایە لێیان دەدام، سەریشم بشکایە هەر لێیان دەدام.. لە قوتابخانەش حاڵم لەوە باشتر نەبوو، جارێکیان مینای هاوپۆلم زۆر بە ناهەق شەڕی پێ فرۆشتم، دەستمان نایە پرچ یەکتر و تێروپڕمان لەیەک دا، کە مامۆستا ناسکە هات هەر لە منی دا چونکە مینا دایکی مامۆستا بوو لە قوتابخانەکەی خۆمان. بەچاوی پڕ لە ڕقەوە سەیری ناو چاویم کرد.. ئیمان لە کەللەی نەما قیژاندی:

– چاوت داگرە دەنا بێم کوێرت دەکەم چاو زەق!

لە ترسی دارکاریی بەڕێوەبەر چاوم داگرت.. ئەی ئەو کاتەی شووشەی مێرووەکانم لە ناو مەعرەزی شووشەواتەکە شاردبووەوە و، لێی دەگەڕام تاکو لەگەڵ ئاوازی هاوڕێمدا یاری بکەین، لە پەلەپەلیدا دەستم بەر گوڵدانێکی زۆر جوان کەوت و بەرەوەبوو شکا. ئەی خوایە چی بکەم، چی بڵێم؟ دەڵێم من نەبووم ئالان بوو. خۆ ئالان وا لە ماڵی نەنکمە ئێستا دایکم و باوکم بێن چیم لێ دەکەن؟ لە ترسا ئاگام لە یاریکردن نەما پڕ بەدڵ حەزم دەکرد تا زووە یەکێکیان بێن و ئەو شەپازللانەی کە دەبێ لەسەر ئەو کەتنە لێم بدرێ زووتر بێ و لە دەست ئەو ترسە ڕزگارم بێ.

کە شەوان دەچوومە سەر جێگەی نووستن دەترسام چاوم بنووقێنم، تا گۆڕ و ئاگری دۆزەخ و پردی سیرات نەیەنە پێش چاوم.. چەندەها جار لەسەر پردی سیراتەوە بۆ ناو شڵێوەی ئاگرەکە هەڵدێراوم، هاوارم دەکرد: ئەی هاوار بۆ کەس بەدەنگمەوە نایەت.. لە ناو شڵێوەی ئاگرەکەدا لەگەڵ ئەو ئافرەتانەدا دەسووتام کە بەپرچ هەڵواسرا بوون.. ئەمانە ئەو ئافرەتانەن کە باپیرم لە گێڕانەوەی بۆراقدا باسی دەکردن. پڕ بە گەروو هاوارێکی تاساوم دەکرد و ڕادەپەڕیم. بێ ناز و تۆقیو لە ژێر لێفەکەوە خۆم دەشاردەوە، وام دەزانی چی دڕندە و مار و گورگ هەن بۆ گیان من دێن، تەنیا هیوام لێفەکە بوو وەک ڕەشماڵێک من لە چاوی ئەوان بزر بکا، ڕەشماڵێکی پڕ لە تاریکی

دڵە لەرزیوەکــەمـی لەخــۆ دەگــرت، هێـمنـی دەکــردەوە و بۆ شـــوێنێکی دوور دەیرفـاند، یـەکـجـار دوور. لەو دنیـایـەدا باوکم کـۆتری بە دیـاری بۆ دەکـڕیم.. ئاسـمـانی ئەو دنیـایە ترسی نەدەباراند، لافـاوێک لە ترس هەڵنەدەسـتـا تـاکو منی سـەرمـابردەڵە بۆ ژێر تاریکی ئەو لێفـەیە ڕامـاڵێ و گـرمـۆڵەی بکات .. زەوییــەکــەی تارایەکی لە گــوڵاڵەســوورە لێ ڕوا بوو هەر لە تارای ئەو ژنـانە دەچوو کە لەگـەڵ هەوریدا تێکەڵیـان دەکرد، ئاڵاو واڵایەکی سـەیریان دروست دەکرد، بەسەردان لە لادێوە بۆ مـاڵی ئێمە دەهاتن. دەسکێکم لە گوڵاڵەسـوورە و گـوڵی سـپی دەچنی، گـوڵاڵەکـان ئەوەندە بە ئاو بوون دەسـتـەکـانم سـوور دەبوون، منیش ڕوومەتی خـۆم پێ سوور دەکرد.. کەو دەیقاسپاند و نەرم نەرم بەسەر سـەوزاییـیەکەدا سـەمام دەکرد، وەک سەمای ئـەو کچە پۆشـاک لە باڵی فریشتە تەنکتر دروستکراوانەی کە لە فیلمەکاندا دەمبینین.. ڕووناکیی ئاسۆ وەک تیـشـکی ئەڵمـاسـێکی درەوشـاوەی زیوین دەدرەوشـایەوە، چاومـی پڕ لە بینـاییی قـووڵتـری ئەو دیمەنە جـوانانە دەکـرد، لەبـەرچاومـا سنوور نەدەمـا و سـەرنجـەکانم وەک پەلکەزێڕینە ئـاوێتـەی کـەزی ئاڵتـوونینی تیـشکی خـۆر و ئاسمـانە سـافـە سـەدەفی شینەکە بووبوون.. دڵـم بە ئارەزووی خـۆی دەرگـەی کۆشکی کردبووەوە و سـەرگوزشتە سەیرەکانی دەگێڕایەوە.. وشەکان دەبوونە لیـرە و لێـوەی دەبارین، منیش کـۆم دەکردنەوە و ملوانکەیەکی جوانم بەدیاری بۆ دایکم لێ دەهۆندەوە. جـارجاریش مـرواری لێ هـەڵدەوەری، ئەو مرواریـیـانەم بە مـشت بەسـەر سـەوزاییـیـەکەدا تۆ دەدا تا باڵندەکان بۆ هاوڕێکانم و شـارە ونبـووەکـەمـی بەرن، چەند سـەیر دەبێ کـاتێ بـاڵندەکان لە ئاسـمـانی تەمـاویی شـارەکەمدا مروارییـەکان دەبارێنن، ئیـتـر مرواری لە هـەمـوو شوێنێکی شـاردا دەدرەوشـێتـەوە، بە ئاسـانی دەیدۆزمـەوە.. تـاسـەی خـۆزگـەکانم نەدەڕژانە نێـو گـەروویەکی بەگریان تەسکبـووی وەک کونی دەرزی، دەڕژانە نێـو فـەزایەکی پڕ لە هـەڵکێشانی خۆزگە بۆ ئەستێرەی درەوشاوەتر.

ئێـسـتـا دەگـەڕێتـەوە.. دێتـەوە و مـنیش هـەروەک جـاران بە پیـریەوە دەچم، خــەندەیەکی درۆزنانـەی پێ دەبەخــشـم. دەزانم "حــوســێن" ی مــیــمکزای بە

پیـاوێکـی نوورانیی مـاقـووڵ و بەویژدان دەزانـێ چونکە سێ مـانگە کـرێی لێ نەسەندووین! دایکیشم باوەڕم پێ ناکات، وەک ئەو کاتەی هەرزەکار بووم پێم دەڵێ:

– پیاو بـە کوشتـدەر، دەتەوێ سەری خـۆت لە قورِ بنێیت و دوژمنایەتیش بۆ باوکت و براکانت بنێیتەوە؟!

دایکم بەو بیانووەی کە بەو قسانە سـووک دەبم و باوکم بزانێ واوەیلێ چی دەکات نەیدەهێشت تاوانکار ڕیسوا بکەم. نازانم جوانی تاوانە یان هەر لەلای من بووە بە تاوان؟ هۆی بەدبەختییەیان هەر لەلای من بووە بە بەدبەختی؟! ئەو کات ترسی دایکم و باوک و براکانم، ئێستا "سامان"یش بۆ خۆی چیایەکە، لە کوێی ئەم چیایە سـەختـەوە دەست بەسـەرکـەوتن بکەم؟ مێشکی ئەشکەوتێکە دۆزینـەوەی ڕێگەی دەرچوون تیـایدا یەکـجـار گـرانـە، لە ناو تـاریکـیـیـە پێـچاوپێـچـەکانیدا ئەو جنۆکـانە خۆیان حـەشـار داوە کـە باپیرەم شـەوانی زستان بۆی دەگێڕاینەوە، عەلی بەردەشـان لەوێ شایەری ڕەشبەڵەکێکی حەوت شەو و حەوت ڕۆژە، لەگەڵ جنۆکەکان تێکەڵ بووە و منداڵی لێیان هەیە.. لەوێ لە ترسی ئەوان لە ناو پێچەپێچەکاندا گیر دەخۆم.. لە یەکێ لەو پێچانەوە پێم دەخـزێ و بـەرەو شـوێنـێکی نادیـار هەڵدێرێم.. ئیـتـر کـەس نـامـدۆزێتـەوە.. شـەوانی پڕ لە ژیلەمـۆی خـەمـی گڕگـرتووم بۆ تاهەتا کـۆتایی بێ.. ڕۆژگـاری تاڵی و شـیـرینی، هەنـاسـەی پڕ لە بۆن سـۆ، خـەونی دواڕۆژی پڕ لە تەم، گفتـوگـۆی نەبیسـتـراو، ئەو هـاوارانەی کـە بەبێدەنگی دەمـامک درابوون، ئەو پێکەنینانـەی کـە لە بیـری خـەمـەوە هەڵدەقـوولا، گـریانـی لە خـوێن ڕسکاو، سـەرنجی تێکشکاو، جـوانیـیـەکی شـێـوێنراو، ئاخی ژانە پـەنهـانەکـان، بۆ هەمـیشـە لەگـەڵ کـەوتنی خـۆمدا بزر دەبن.. لەوانەیە بکەومـە ناو گـۆمـێکی مەنگەوە، قـورسایی جەستـەم ئەگەر لە کاتی هەڵدێراندا هەپروون بەهەپروون نەبووبێ گـۆمـەکە دەپژێنێ.. ئەگەر جـووڵەشم تیا بمێنێ بەهەمـوو تـوانامـەوە قـەسـتـە ڕووح هەوڵی خـۆ ڕزگـارکـردن دەدەم، تا پەلەکانم سڕ دەبن و بینـایـیی چاوەکانم دەکوژێتەوە، تـا هەناسە دەخنکێ و، دڵ هـەروەک ئەوەی تەپڵی جەنگ

لێ بدا تەپەکانی بەرز دەکاتەوە، دەرگەی کۆشکە جوانە بەڕەنگ ڕەشکراوەکەی خۆی دادەخا.

ئەوە هاتەوە.. وا لە پەیژەکانەوە بەرەو سەرەوە دێ، من دەیڵێم، دەبێ بیڵێم.. بەڵام دڵنیام سەدای دەنگی من و شەپۆلەکانی تەپەدۆر و پەردە ئەستوورەکان دەیمژن و نابیسترێ.

# گەشتێک لە چاوەڕوانیدا

ئەم شــەویش وەک شــەوەکـانی تـرم دڵم تەنگە.. چوار ســاڵ چاوەڕوان بووم، گۆرانیی بێداریم بەگوێی شەوەکاندا دەچڕی، زەمین لە پێش چاومدا ڕاوەستا بوو، پێ دەچوو ئەویش بیەوێ ببێتە ئاستەنگ لە بەردەم خولیاکانمدا، نازانم ڕێتم و جووڵەی زەویی وەرزەکان و گەردوون شێوا بوون یان من یاساکانی گەردوون و زەمینم لا شێوا بوو؟ چوار ساڵ چاوەڕوانی لاپەڕە بە لاپەڕەی ڕۆژانی تەمەنمی بەسپییەتی هەڵدەدایەوە، هەموو توانا و بەرنامەکانی ژیانمی لە ناو دوو کەوانەدا قەتیس دەکرد، هەموو شەوێ کۆمەڵێ خوولیا و ئارەزوو لە باخی بیر و جەستەمدا چرۆیان دەکرد و بە خونچەیی هەڵدەوەرین.. پێش ئەم چوار ساڵەش هەر دڵی ڕەنجاوم لە چاوەڕوانیدا پڕ بوو، ئاگرێک لە کانگای ناخمەوە هەڵدەقوولا و گڕی لە ساردوسڕی شەو بەردەدا، هێزێک لە ناوما لە من و گەردوون یاخی دەبوو لە ڕووی دنیادا دەوەستا، خۆراکی شەوانی من ئەو ئاگر و هێزە بوو کە هەر خۆم چێژم دەکردن، هەر خۆمی دەسووتاند و، هەر خۆشمی بەرەو هێزێکی گەورەتر بەکێش دەکرد. وەک ئەو کەسەی پێ بنێتە سەر زەوییەکی حەرام لە ناکاو پشت ملم دەگیرا، وەک ئەو ئاسکەیەی بیەوێ بچێتە قووڵایی خەرەندێکەوە زوو ڕاو دەکرام.. بەڵام ئەم چوار ساڵە کردمیە لاوازترین کەسی سەر ئەم دنیایە..

پێویستە ئەم شەو بۆ شیلانی هاورێمی ڕوون بکەمەوە کە چوار ساڵ لەمەوپێش زۆر بەهەڵە لە نامەکەی گەیشتم، ئەو کات نامەکەی یەکجار دڵی توند کردم، ئێستا ئەو نامەیە ژیلەمۆی خەم و بێزاریی چوار ساڵە لە ناخمەوە گڕ تێ بەردەدا:

"... ئەمەی تۆ کردت شووکردن نەبوو بەڵکو خۆهەڕاجکردن بوو.. تۆش وەک من خۆت هەڕاج کرد.. چ کارەساتێکە میللەتێک زۆربەی کچەکانی خۆیان هەڕاج دەکەن؟! تۆش وەک من لەو مەزادخانەیە نرخێکی زۆر باشت پێ درا، بەسەد مسقاڵ زێڕ سەدان خەون و تاسەت فرۆشت، کاتێ بە شانازییەوە بەو هەمــوو ئاڵتــوونەوە بۆ ئاهەنگەکــان دەڕۆیت وا دەزانــی نرخــێکی زۆر لە هاورێکانمان زیاترت پێ دراوە، نازانی بەسەر بیر و جەستەی خۆتدا هەنگاو دەنێیت.. ئێمە جگە لەو زێڕانە هیچ شتێکی ترمان نەبوو تا خۆمانی تیا پێشان بدەین.. زۆرم هەوڵ دا ڕاستییەکانت پێ نەڵێم.. بەڵام ئێستا لێرەوە، لەم هەندەرانەی کە بووەتە خەون و مۆتەکەی ژیانت پێت دەڵێم هەموو شتێکم لە کیس چووە، هەموو شتێک... "

نا، ڕاست ناکــا.. حــەز ناکــا بگەمــە ئەوێ، دەیەوێ هەر خـۆی لەو ژیانە خۆشەدا بژێ، هەر خۆی لە ئاهەنگی سەری ساڵدا بەدڵی خۆی جل لەبەر بکات و سەما بکات... نەئەو و نەهیچ کەسی تر لە من تێ ناگەن. منێک ئەوەی هەمە و نیمە هەر ئەو قافڵەیەیە کە شارەزای ڕێگە دوورەکانن و بەهەموو دنیادا گەشتیان کردووە، ئیتر چۆن بهێڵم بەجێم بێڵن، ئیتر چۆن دەست لە گەشتە خۆشەکەم هەڵگرم؟ من لەگەڵ ئەو گەشتیارانەدا خولیا و جێهێشتنی ئەم شارە بووەتە پەیامی ژیانم.. ئەو کات نەمدەزانی زویربوونی قافڵەکەم تاهەتاییە.

لە کاتی چاوەڕوانیمدا، ئەو کاتەی کە قافڵەکەم جێی هێشتبووم بە بەخیلی و حەسرەتەوە گوێم بۆ هەواڵی گەیشتنی کچێک بۆ ئەو وڵاتەی کە خۆی مەبەستی بووە شل دەکرد، لە هەمان کاتیشدا ئەو هەواڵە ئومێدی ئەوەشی پێ دەبەخــشــیم کــە منیش ڕۆژێ لە ڕۆژان لەوانەیە وەک ئەوان بگەمــە جێ..

شەوێکیان لە داخی هەواڵی گەیشتنی ئەو کچەی دراوسێمان خەوم لێ نەدەکەوت، دەتلامەوە.. خەونێکی ناخۆشم بینی.. بینیم لە ناو تونێلێکی تاریکدام.. خەڵکی پێیان نەمابوو لەسەر سگ دەخشان، هەندێک بەسەرچۆک، هەندێ بەدارشەق.. منداڵان بەناو جۆگایەک لە فرمێسکدا دەڕۆیشتن.. پیرەکان بەگوڕی لاوێکی بیست ساڵەوە ڕێیان دەکرد، لاوەکانیش پیر بووبوون، لە کۆتاییی تونێلەکە نزیک دەبووینەوە.. ئۆخەی ئەوە گەیشتین، ئەوە مەنزڵگەی مەبەستە. کەچی وەک ئەوەی هیچ ڕێمان نەکردبێ لە هەمان جێگەی خۆمان بووین.. هاوارم بۆ قافڵەکەم دەکرد، لێیان دەپاڕامەوە بێن ڕزگارم بکەن، هەر ئەوان شارەزای ڕێگە دوورەکانن، هەر ئەوان دەزانن من مەبەستم چ شوێنێکە، بۆ نایەن، بۆ؟ دەمبینی لە دوورەوە تەماشایان دەکردم، دەمبینی هەموو سنوورەکانی دنیایان دەبڕی و لەو سنوورەی نێوان من و ئەواندا تێپەڕ نەدەبوون، نائومێد دەبوون و پاشەوپاش دەکشانە دواوە.. خۆم دەزانم دەرناچم، دەرناچم، نا..

لەگەڵ وتنەوەی ئەو وشانەدا دەستم بەستارەی سەربانەدا دەکوتا و پێم بەسەر جێگەکەدا دەخشاند. بەکوڵێ نائومێدییەوە لەو خەونە بەئاگا هاتم.. لەسەر جێگەکەم دانیشتم، وام هەست دەکرد لە بری سەربان لەسەر چیایەکی زۆر بەرز دانیشتوومە، هەستم دەکرد هیچم و ژیانم وەک گەردێک وایە گەردەلوول لەگەڵ خۆیدا بەم جیهانەدا گڕی دەدا.. هەستم بە تەنیاییەکی ترسناک دەکرد. هەندێ ئاوم خواردەوە و ئارەقەی نێوچەوانم سڕیەوە.

چەندە بە تامەزرۆی ئەوەوە بووم بمبات و بگەمە جێ ئەوەندەش لەم دوارۆژەی خۆم دوودڵ بووم. هەمیشە بەخۆم دەگوت خوا دەزانێ ئێستا ئەو لەوێ خەریکی چییە؟ چی دەکات، بەقسەی خۆی لە کارگەیەک کار دەکا. کە مارەمی کرد نە لە سەرنجەکانیدا و نە لە سیمایدا سۆزی تیا نەبوو.. گەرچی ماڵەوە ڕایان وابوو ڕێوی بەپیریمەوە هاتووە بەڵام خۆم دوودڵ بووم. من هەمیشە ڕاڕا و دوودڵ بوومە، پێش شووکردن هەستم دەکرد بڕیاردان واتە هەنگاونان بەڕێگەیەکی سەختدا، ڕێگایەکی نادیار، لە بڕیاردان دەترسام، لە

خەیاڵمدا لە بری ئەو ڕێگەیە ڕێگەیەکی تر لەبەردەممدا بوو، لەگەڵ قافڵەکەمدا شارم جێ دەهێشت، ئەوان چاوساغ و من نەشارەزا، دەمیان برد.. وەکو کوێر هیچ جێگە شارەزا نەبووم، تکام لێیان دەکرد بمبەن بۆ ئەو شارەی چەند ساڵە خەونی پێوە دەبینم، شاری ئاوات و خۆزگە و تاسەکان، ئەو تاسانەی کە بەبێ نازی لە ناو بێشکەی دڵما ڕامژەندبوون و گەورەم کردبوون بەچەشنێک کە ئیتر پێیان گرتبوو، باڵیان گرتبوو، دەفڕین و ڕووحمیان لەگەڵ خۆیان دەفڕاند.. وەک ئەوەی لە هەسارەیەکی ترەوە کەوتبێتمە خوارێ و تووشی ئەو قافڵەیە بووبم دنیایان پێم نیشان دەدا.

کە باسی هەندەران دەکرا وام دەزانی خۆشی هەموو دنیا لەوێدا جەمسەرگیر بووە. چی دەبێ گەر بگەمە ئەوێ؟ ئەی کە بەسەردان بێمەوە هەر باس ناکرێ. بەتەواوی دەگۆڕێم، کە هاتمەوە بەسەر ئەو شەقامانەدا پیاسە دەکەم کە زۆر شتم لەسەریاندا ون کردووە، هاوڕدانەوەکانم لە کاتی سووڕاندا لێ دەکەوت، سەرنجەکانم لە کاتی نیشتنەوەدا دەتاراند.. لەو ڕوخسار و دەنگ و ڕەنگانەم دەگەڕێم کە لەوێدا ونم کردوون.

دەزانم لە ماڵەوەش لەلای ژووری دام دەنیشێن، بەرگێکم لەبەرە نەخشەی ئەو شارەی لەسەرە وا لێی گەڕاومەتەوە، ئەو بەرگە نەک هەر خۆم قسەکانیشمی بەڕادەیێک قورس کردووە هەموو مەجلیس چاویان لە منە، منیش هێشتا لە هەستی پڕ لە ژانی ئەو کچەدا دەژێم کە سالانێک کۆمەڵێ قسە و باس لە مێشکیدا کوڵان بەڵام لە خوانی هیچ مەجلیسێکدا سفرەیان بۆ ڕانەخرا، دەرگا و پەنجەرەشیان لە ڕووی تیشکی هەستەکاندا داخست.. وەک کوکوختییەکی بریندار بەبرینێکی سەختەوە سەختتر لە برینی ئەو کچەی دراوسێمان کە خۆی سووتاند و لە نەخۆشخانە بەر لە مردنی چووم بۆ لای، دەینالاند کەس بەدەنگییەوە نەدەهات، ناڵە و ئاه و نزای گەیشتە بەردەم عەرشی فەلەک و باڵی لێ عیجاد بوو، قافڵەیەکی بۆ عیجاد بوو.. ڕووحی برینداری کردە سەر باڵەکانی و فڕی، برینێک تا ئەو کاتە کەس برینی وای نەدیبوو، ئاسمان کە ئەو زامانەی بینی پەڵەیەک هەوری بۆری بەسەر ڕووی

خۆی دادا، درەختەکان قژی زەردی خۆیان بە خەزان سپارد، فریشتەکان بەرگی سپیی خۆیان لە یەخەوە تا دامان دادڕی و بەرگی ڕەشیان پۆشی، چیاکان بۆی چەمینەوە و لووتکەی بەرزی خۆیان لە زەوی چەقاند، باڵندەکان پەڕ و باڵیان سووتا و دەستیان بەشیوەنێکی ئەبەدی کرد، مانگ تریفەی لێ هەڵوەری، خۆر تیشکەکانی خۆی ڕاگرت.. تەنیا شار نەخرۆشا چونکە چاوی بەبینینی زامی جەستەی سووتاوەکان ئاشنا بوو، لووتی بەبۆن سۆی گڕ لەخۆ بەردراوەکان ڕاهاتبوو.

ئێستا لە گەیشتن بەو شارە نائومێد بوومە، نائومێدیش پەی بەهەموو ڕووحم بردووە.. ماوەی دوو هەفتە پێکەوە بووین، چووینە سەفارەت و ڕەفزم وەرگرت، ئەو گەڕایەوە تا دووبارە هەوڵم بۆ بدا، بەڵام گەڕانەوەکەی زۆر درێژەی کێشا. سەرەتا هەفتەی جارێک تەلەفۆنی دەکرد، وای لێ هات کردییە مانگی جارێک، خۆم تەفرە دەدا، بەم دەستانەی خۆم هەموو چارەنووس و دوارۆژی خۆم نایە ناو دەستی. ئای خوایە گیان چی لەوە ناخۆشترە بڕیاری چارەنووست بەدەست کەسێکی ترەوە بێت. نەمدەزانی گەر بیکەمە ئیختیارەوە و داوای لێ بکەم یان بگەڕێتەوە، یان بمبات، یان تەڵاقم بدات چی هەڵدەبژێرێ. تەڵاقدان؟! نا، ئەمەیان نا.. باسیشی مەکە، ڕەنج بەخەسار دەبم، ئەو هەموو توانا و تاسانەی لە چاوەڕوانیدا توانەوە بەفیڕۆ دەچن. دایکم وتەنی وەک مازی چنەکەی کون لە پاشۆڵم لێ دێ. ئەوکات دەبێ خەون بەشاری خەونەکانەوە نەبینم، دەبێ ملوانکەی مرواری خەیاڵ لە ملما بپچڕێنم و بیدەمە ماسیی دەریاکان بۆم هەڵگرن، دەبێ لە هەموو مەجلیسەکاندا بادەی بێ بادەییی نۆش بکەم، ببمە وێستگەی ڕێبوارێکی ماندوو.. ئەی بەرانبەر خەڵک چی بڵێم، بە چ درۆیەک وەڵامی پرسیارەکانیان بدەمەوە؟ چی لەوە ئەستەمترە بووکی دوو هەفتە پێی بوترێ بێوەژن؟ ئاخۆ ئەو ئەنجامە دەبێتە هۆی گەشەکردن و کامڵبوون یان ڕووخان و وێرانبوونم؟ دەڵێن کەوتن نیشانەی هەستانە. لەوانەیە هەوڵی هەستان بدەم، لە ئاکامی کێشەی نێوان خۆشەویستی ژیان و ڕەشبینی و حەز لە مەرگکردن خۆشەویستی ژیان

سەربکەوێ. بەڵام خۆ مەرگیش دەروازەیەکە بۆ بەختەوەری و حەسانەوە و ئازادبوون.. لەوانەشە پاش بڕیاردان مێشک و بیرکردنەوەم ساف بێ. نا، ئەمەیان زۆر جێی گومانە.

جگە لەم ڕێگەیە هیچ ڕێگەیەکی تر نەبوو بۆ جێهێشتنی ئەم شارە، هیچ ڕێگەیەک.. شەوێکی شووم بوو، کاروانچییەکان بەغەمگینی سەیرمیان دەکرد، منیش بێباکانە پێم دەگوتن چی دی پێویستم بەئێوە نەما، ئیتر لەگەڵ ئەم کوڕەدا گەشتی خۆم دەست پێ دەکەم.. نەیاندەویست بڕۆن، نەیاندەویست بمدەنە دەست ڕەهێڵەیەکەوە تا ئەبەد لە ئاسمانی ژیانی مندا لێی ناکاتەوە، نەیاندەویست بمدەنە دەست زامێکەوە زۆر لە زامەکانی خۆم قووڵتر.. ئەوان لە بری ئاهەنگ پرسەیەکی بێ تەرم و بێ هەواڵی مردنیان بۆم دەگێڕا.. نەمدەویست سەیریان بکەم، نەمدەویست گوێیان بۆ بگرم..

بەڕای هەمووان ئاهەنگێکی خۆش بوو، هەندێک خەریکی وێنەگرتن و، هەندێک شیرنییان دەخوارد، هەندێکیش هەڵدەپەڕین.. تەنیا من وەک ئەوەی نەئاهەنگی خۆم بێ و نەلەوێشدا بم دڵم بەهیچ شتێک خۆش نەبوو، پەشۆکا بووم، دەمویست هەموو شتێک بشارمەوە، کەرەسەکانی ناو ماڵمان، دایک و باوکم، خۆم، قافڵەکەم، هەموو شتێک. دەڵێن ئافرەت توانایەکی بێ وێنەی لە شاردنەوەی نهێنییەکاندا هەیە بەڵام من لەو کاتەدا وام هەست دەکرد هەموو پەردە و دیوارەکانی دنیا نیازەکانی من بەرانبەر بەو ناشارنەوە. دەنگێک وەک بانگی بەربەیان دەهات و دەیگوت بۆ چ مەبەستێک شووی پێ دەکەم. شەرمم دەکرد تەماشای چاوی بکەم.. نا هەر شەرم نەبوو، دەترسام چاوم بخوێنێتەوە، دەترسام چاوم پێی بڵێ بۆ قبووڵیم کرد. دواتر زانیم ئەویش نەیدەوێرا لە من ڕابمێنێ، نەیدەوێرا زۆر بیدوێنم.

ئای خوایە گیان، ئەوەی لێی دەترسام ڕووی دا، ئەوەی نەمدەویست ببێ بوو، ئیتر هەموو شتێ تەواو.. کە کردمە ئیختیارەوە زۆر سووک و ئاسان جیابوونەوەی هەڵبژارد.

هاوینی ٢٠٠٦

# گۆڕەپانی قوتابخانە

دیسان کۆبوونەوەی هەفتانەی ناو گۆڕەپانی قوتابخانەیە، بەڵام ئەو ڕۆیشت، ئیتر تەواو.. وابزانم بەیەکجاری ئەم قوتابخانەیەی جێ هێشت. نەدەبوو بهێڵم، نا. چ مامۆستایەکی ترسنۆکم.. ئەم گۆڕەپانە بەبێ ئەو تەنگەبەر دێتە بەرچاوم، باخچەکە بەبێ ئەو زیاتر شین بۆ گیا زەرد و درێژ و سووتێنراوەکانی دەگێڕێ، قوتابخانە لە ناو پۆلە لێوانلێوەکەیدا لێی دەگەڕێ.. نەختێکی تر کۆبوونەوە تەواو دەبێ و مامۆستاکان وانە لە دوای وانە دەچنە پۆلەکەیەوە وانەکان دەڵێنەوە.. خۆزگە منیش وەکو ئەوان تارماییەکەی نەبینم لە جێگە ئاساییەکەی خۆی دادەنیشێ، هەوڵی ئەوە دەدات کۆمەڵێ بەشی پەرت و بڵاوی پەیکەرێک بەیەکەوە بنووسێ و ڕووح بخاتە جەستەیەوە..

ئەوەتا تارماییەکەی وا لە تەنیشت بەڕێوەبەرەوە ڕاوەستاوە. بەڕێوەبەر تووتی ئاسا قسەکانی هەفتەکانی پێشوومان بۆ بیست بارە دەکاتەوە. لە حزووریدا ڕاوەستاوە و ترس پەی پێ نەبردووە، وتەیەک دەڵێ کە پێشتر هیچ قوتابییەک نەیوێراوە بیڵێ، باسی وانەیەک دەکات هێشتا نەخوێندراوە، باسی پێوەندییەک دەکات گەرووی زەمەن قووتی داوە، ئاماژە بەناونیشانی کتێبێک دەکات لە کتێبخانە تەنیا و دەرگە لەسەر داخراوەکەی ناو قوتابخانەدا بزر بووە..

هەر ئەلێرە تەنیا یەک هەفتە بوو ساڵی تازەی خوێندن دەستی پێ کردبوو، لە تەنیشت برادەرەکانی ڕاوەستابوو، هەستم پێ دەکرد هۆشی دەڕۆیشت.. لەبەر خۆیەوە کەوتە ورێنە.. بەڕێوەبەر بە تووڕەییەوە بەسەریدا هاواری کرد:

– بۆ کاتێ من قسە دەکەم گوێم لێ ناگری و قسە دەکەی، خۆت ناتەوێ گوێم لێ بگری، دەتەوێ سەرپێچیی قسەکانی من بکەی. نەمگوت ئەم شتانە قەدەغەیە دەماغسز؟

هێنایە ناوەڕاستی ئەم گۆڕەپانە، ناوەڕاستی هەموو قوتابییان و مامۆستایان. تێروپڕ ڕەخنەی لێ گرت و هاواری بەسەریدا کرد.. لە داخ و شەرما دەستی بەگریان کرد.. چی دەبوو گەر منیش لەگەڵیدا بگریابام؟ گریانێک تا سەر ئێسقان لە خەمە هەست پێنەکراوەکانمان، لە حەسرەتە ئەستوورتر لە دەروازە ئاسنینەکەی ناخمان پێی خاڵی بووینایە.. بەهیچ شێوەیەک بڕوای پێ نەکرد کاتێ گوتی :

– وەڵڵا قسەم نەکردووە.

نەیهێشت تا کۆتاییی دەوام بچێتە وانەکانیەوە. پیشی دەخواردەوە، ئاخی بێ دەرەتانی هەڵدەکێشا، سەیری چاودێریی هەندێ لەو پۆلانەی دەکرد کە هەفتەی جارێک بەڕێوەبەر لە ژووری دەرگە داخراوی خۆیدا کۆبوونەوەی پێ دەکردن، دەیزانی گەر ئەویش یەکێک لەوان بووایە قسەشی کردایە سزا نەدەدرا. کە ئەوم بەو شێوەیە دەبینی قوتابخانەم وەک بەندیخانە دەهاتە بەرچاو ئەویش بەندکراو.. دڵنیا بووم لەوەی هەوڵدان لەگەڵ بەڕێوەبەردا بۆ لێبووردنی هیچ سوودی نییە. دەمویست بۆ لای بڕۆم هەندێ قسەی لەگەڵدا بکەم، ئەوەم بیرهاتەوە جارەکەی تر بەڕێوەبەر لە ناو کۆبوونەوەی مامۆستایاندا بەتووڕەیی داوای لێ کردم ئەوەندە تێکەڵی گرفتی قوتابییەکان نەبم چونکە لێکۆڵەری کۆمەڵایەتیمان هەیە و پێویستە بچێتە لای ئەو هەوڵ بدا بۆی چارەسەر بکات. هیچ مامۆستایەک جورئەتی ئەوەی نەکرد پێی بڵێ، خۆ لێکۆڵەرەوەی کۆمەڵایەتیمان ڕۆژی یەک کاتژمێر دەوام دەکات، جاری واش

هەیە بەهەفتە نایە، کە دێتیش نەک هەر لەگەڵ قوتابییاندا بەڵکو لەگەڵ مامۆستایانیشدا لووتی لە ئاسمانە.

چی دەبێ با ببێ، زۆر زۆرەکەی لێرەش وەک قوتابخانەکانی تر نەقڵ دەکرێم.. لەگەڵیدا بۆ ناو گۆڕەپانەکە دەڕۆم و قسەی لەگەڵ دەکەم.

دوو بەدوو لە ناو گۆڕەپانەکەدا ئەمسەر و ئەوسەرمان دەکرد و گوێم بۆ گرتبوو. بەدەنگێکی پڕ لە پەنهانی و خەمەوە دەدوا، زیاتر باسی ئەوەی بۆ کردم هەندێ جار شەوان لەدەست شەڕەقسەی دایک و باوکی، دەنگ و هەرای خوشک و براکانی، دەنگی تەلەڤزیۆن دەچێتە حەوشە یان سەربان تاکو بخوێنێ و ئەو نمرە بەرزە بێنێ کە ئاواتی بۆ دەخوازێ.. ئەم شەویش تا درەنگ نەخەوتووە و سەرمای بووە، بەڵام هەرچەند دەکات هۆشی لەسەر خوێندنەکە جەمسەرگیر نابێ، لە نێو تاریکاییی شەودا ڕادەمینێ.. کۆمەڵێ چاو دێنە پێش چاوی، وردە وردە ئاگای لە خۆی نامێنێ.. دەکەوێتە قسەکردن لەگەڵ خۆیدا .. هەروەک کاتی کۆڕەوەکە کە منداڵ بوو شتی سەیر دەبینێ، ئەو کاتیش کە لە شارەکەی خۆیانەوە بەرەو سنوور ڕێیان دەکرد هیلاکی، سەرما، برسیەتی، ترس، بەجۆرێک کاریان لێ کردبوو ئاگایی و بێ ئاگایی لێ تێکەڵ دەبوو.. کوڵەپشتی مندالانی لێ دەبوو بەبووکەشووشە و یاریی هەمەڕەنگ، ڕەشەبایەک بووکەشووشەکەی دەرفاند، لە ناو گێژەنی خۆیدا پێچی پێ دەدا، هەر لە سەیری تەماشاکردنی بووکەکە بوو لەپڕ بوو بە کچێکی ڕاستی، جەستەی پارچە پارچە دەبوو.. سەری سوڕدەما و نەیدەزانی ئاخۆ ئەو سەر و دەست و پێیانە هی ئەو بووکەشووشەیەیە کە هەموو جار لە ماڵەوە لێکی دەکردنەوە تاکو بیگۆڕێ و بیشوا، یان هی ئەو کچە ڕاستییەیە کە فرمێسکەکانی لە ناو ڕەشەباکەوە لە ڕستێ زەنگیانەی پچڕاو دەچوون، قژی تاڵ تاڵ وەک تووڵێکی ڕەش دەشەکایەوە، پێیەکان پێچەوانەی ئاراستەی ڕەشەباکە هەنگاویان دەنا، چاوەکانیش هەر تەماشای ئەویان دەکرد.. هەندێ لە کۆڵەپشتی ڕێبوارەکانیش دەبوونە خواردن، نووشتە نان و تەڕەپیازی بەهار لەگەڵ منداڵەکاندا دەستیان گرتبوو، یاریی حل حلی و بل بلییان دەکرد،

لەسـەر ڕیتمـێکی خـێرا و سـەیری وەها سـەمـایان دەکرد کـە بەچەند چرکـە ساتێک بـە هـەمـوو دنیـادا دەسـووڕانەوە، دنـیـا و منداڵ و نان لە پـێش چاوی تێکەڵ دەبوون.. وردە وردە لـەبەر خـۆیەوە وڕێنـەی دەکـرد.. قـسـەی لەگـەڵ دەکردن.. بانگی دەکرد دەستی ئەویش بگرن.

لە تاریکیی ئەو شـەوانەدا بەڕێوەبەر دەبێـتـە خـێـوێکی ترسناک، لە داخ و ترسی ئەو دێر بەدێری سەعییەکان لە مێشکییەوە هەڵدەوەرێن.

– مـامـۆسـتـا گـیـان، تۆ لەو کـاتانەدا، لەناو شـەو و تاریکیـدا دەبیـتـە تارماییەکی دوورەدەست.. کۆمەڵێ دەستی سوور لە تاریکیدا تارماییەکەت بزر دەکەن، تاریکیـەک خۆشـمی تیا بزر بووم.. دەزانم گـەر یەکتـر بدۆزینەوە شـتێک بە گوێمـدا دەچرپێنی کە پێشـتـر نەمزانیـوە، چرپەیەک سـەداکـەی قـەدبڕانە پەردە و شـووره و دیوارەکـانی ناخم دەبڕێ و دەنگ دەداتەوە.. بەڵام کـوا؟ وەک کـوێرێک دەست بەهەر چواردەورمـدا دەگـێـڕم، لە ژێر سـوورایی دەستە سوورەکاندا هەموو شتێک نیوەی بەلێڵی دیارە.

لەپڕ لە شوێنی خۆی ڕاوەستا. لە ڕوخسـارە مات و خامۆشـەکەیدا، لە چاوە پڕ لە ئازار و نهێنییەکانیدا، زانیم ئیتر بەتەواوی بێزار بووە، بێزار بووە و... نا، نابێ.. ئاخر هەر هەڵوێستێک بنوێنم نەقڵ دەکرێم و لێی دوور دەکەومەوە.

زۆربەی یادگـارییـەکـانی نێـوانمان بەتێکەڵی دەهـاتنە پێش چاوم، ئەو ڕۆژانەی کـە بە هـەناسـەبڕکێ دەگـەیشـتـە قـوتابخـانـە و شـەرمی ئەو دزە سـەرنجانەی کە لە کوڕانی سـەر ڕێگەی قوتابخانەیدا بوون ڕوومـەتیان سـوور هەڵگەڕاندبوو، ئەو ڕۆژانەی کە بەدڵێکی شکاو و ناکـامـەوە لە مـاڵەوە دەهاتە دەر و پرسیارێکی لێم دەکرد لەوە قورسـتر بوو بتوانم وەڵامی بدەمەوە، یان کە بەتەواوی لە قوتابخانە بێزار دەبوو.

من مـامۆسـتـایەکی بێ هەڵوێستم.. دەبووایە ئەو ڕۆژە لە بەڕێوەبەر بێدەنگ نەبوومـایە. دەمزانی شکاندنەوەی لە بەردەم هەمـوو برادەرەکانیـدا، نەچوونە پۆل نادادپەروەرییـە .. بەڵام مـن سـەردەمـێکە دادپـەروەریم ون کـردووە.. لەو

کاتەوەی کـە منداڵ بووم بۆ براکانم ڕانـی مـریشک دادەنرا و بۆ من مـلەقۆتە، زۆربەی شـتەکـان بۆ من عـەیب بوون و بۆ ئەوان ڕێپێدراو. لەو نایەکسـانییـەوە تا ئێسـتا بەوانەی دادپەروەریدا نـەگەیشـتم یەک دێری لێ بخـوێنم. لەو کـاتەوە عـەودالّی بـوومـە و گـەر بمزانیـایە ئەوەندە ئەسـتـەمـە عـەودالّی نـەدەبووم.. گـەر بمزانیــایە دڵی لەرزێـو و سـەرنجی پڕ لـە هانای چەندان قـوتابیـی وەک ئەژین دەمکەنە پاسەوانی شەو قەت بێداریم خـۆش نەدەویست.. لێی نائومێد بوومە و ئەو نائومێـدییەش پەی بە زۆربـەی هـەڵوێستـەکانم بردووە.. نەمتـوانی هـیچی بۆ بکەم.

– مـامۆسـتـا وا هـەست دەکـەم تۆ دەتەوێ بە کپی پەردەیەکم بۆ هـەڵدەیتـەوە. لەودیوی ئەو پەردەیەوە بەڕێوەبەر و قوتابخانە و تۆ و هـەموو شتەکان جۆرێکی ترن.

ماڵەوەشـیان بەهـەمـوو شێـوەیەک دژی ئەم پێوەندییـەی ئێمـەن، نازانم بۆ من بەکەسێکی باش نازانن، ڕەنگە لەبەر شێـوەی جلەکانم بێ، یان...؟ ئاخ دەبێ چ تـاوانێک بـێ برادەرایـەتیـی ئێـــمــــە ! نەبـەڕێوەبـەر و نـەمـــاڵـی ئەوان ئـەم پێـوەندییەیـان ناوێ، ئەوان پێوەندییـەکیـان دەوێ ئەوەنـدە بریقەدار و سـادە بێ بەشنەبـایەک لار بێتـەوە، دەسـتی لەرزۆکی نامـەردێک بەئاسـانی هـەڵی کـەنێ، پەیوەندییـەکی بێ ڕیشـە و بـێ گیـان و بێ چاو.. کامیـان وەک من بۆی دەگرییێ کـاتێ لە ناو گـۆڕەپانی قـوتابخـانەدا دەشکێتەوە، کێ کاتێ کـە هـەمـوو دنیـا لە سـاردیدا دەمەیێ و دەبێتـە بەرد وەک من بۆی دەتوێتـەوە و دەبێتـە گوێ؟ کـەس وەک من نـازانێ چەنـدەی حـــەز لێـیــە هـەر کـــاتـێ ویســتـی قـســە بکـات هـەر کاتێکیش ویستی بێدەنگ بێ.. هـەر کاتێکیش ویسـتی وڕێنە بکات.. دوو ساڵە ناز و شــەرم و ڕازەکـانی دەهـۆنمەوە، پێم خـۆشــە بزانێ من ئەوم لە تـەنیــایی ڕزگار نەکردووە، چونکە خۆم هۆگری بوومە.

من بەتاکە دڵنەواییکەری خـۆی دەزانێ، کە ژیانی بـەجارێ تەنگ دەبێ، کە بازنەی ئابڵووقـەکان جار جـار چڕتر دەبنەوە، کە شار دەبێتە یەک ڕەنگ و ئەو

ڕەنگە هەموو شتێکی لێ بزر دەکا، کە بەڕێوەبەر هەڵەیەکی بچووکی لێ دەکا بە تاوان، کە لە بەندیخانەی فرمێسکەکاندا شوێن نامێنێ.. هانام بۆ دێنێ.. دەزانم ئەم ساڵی لە کیس دەچێ، لە ناو تەنیایی و گۆشەگیریدا نوقم دەبێ. ڕۆژێکیان کە لە ناو مامۆستاکاندا دانیشتبووم ئاگام لێ بوو هەموو سەیری یەکتریان دەکرد و لە بن لێوەوە بزە پێکەنینیان دەهات، بەو ڕەفتارەیان زۆر تووڕە بووم زانییان تووڕە بوومە پێکەوە پێمیان گوت:

– ئێمە لەبەر تۆمانە، هەڵەی، .. داوت مەهاوە داوی بەڕێوەبەر، ئەو پشتی زۆر قایمە..

ئەو قسانە و، هەموو ئەو شتانەی کە لە دەوروبەرمدا ڕوو دەدەن، ئەو ڕۆژەی کە چوومە ماڵی ئەژین و بەساردی بەخێرهاتنیان کردم، ئەو ڕۆژەی کە لە سەیرانی قوتابییاندا مامۆستایان لێم لووتەلا بوون گوایە بەو ڕەفتارانەم ئاستی مامۆستایان بەرانبەر بە قوتابییان دادەگرم، ئەو کاتانەی کە کچێک لە ناو قوتابخانەکەماندا بێ لەل دەبینم.. هەست بە ترسناکییەکی قووڵ دەکەم.

داخ بۆ ئەو قوتابییە دڵ پڕ لە ترسانە، بەچەشنی کۆتری باڵشکاو بەیانییان پۆل پۆل کز و سەرشۆڕ ڕیز بۆ ناو پۆلەکان دەبەستن.. باجی سەمیعەی فەڕاش و مام عەبدوڵلای پاسەوان هەمیشە چاوەڕوانی فەرمانن، یاریدەدەر، مامۆستاکان.. هەموومان لەگەڵ هاواری ناو ژوورەکەی بەڕێوەبەرەوە دەترسێین. هەرکە باجی سەمیعە سەری بە ژوورێکدا بکردایە و بیگوتایە بانگی فلانە کەس دەکات ئیتر ئەو کەسە دڵی دادەخورپا و هەزار و یەک پرسیار و گومانی لا دروست دەبوو.

پێش کۆبوونەوەی ئەم بەیانییەمان ئەژین هات.. هەواڵی گواستنەوەی خۆی بۆ قوتابخانەیەکی تر پێ ڕاگەیاندم و ماڵئاوایی لێ کردم.. منی تەنیا لە ناو ئەم گۆڕەپانەدا بەجێ هێشت.

# وێنەكانی خولی ڕاهێنانەكە

تۆ بڵێی وێنەکانی تەواو کردبێ؟ دوو ڕۆژی تر خولەکەم دەست پێ دەکەم. بەبێ ئەو وێنانە خولەکە سەرکەوتوو نابێ. تا ئێستاش بۆم ڕوون نییە بۆ وازی لە وێنەکێشان هێنا.. خۆ من نزیکترین هاوڕێیم. باوەڕ ناکەم کەس هێندەی من دەربارەی ناخ و ژیانی بزانێ.. دەمزانی سەردەمانێک کە هێڵی بەسەر کاغەزە سپییەکاندا دەکێشا هەستی دەکرد هێڵ بەسەر زەمانێکدا دەکێشێ دوورەدەست، هەستی دەکرد هێڵەکان تیشکی هەڵقووڵاوی ناخی خۆین لە ناو ئەشکەوتە تاریکەکەی ڕووحییەوە وەک برووسکە شاخ و دیوارەکان شەق دەکەن، دەستی بە فڵچەکەیەوە دەگرت وەک ئەوەی لە ناو جەنگەڵەوە دەستی بەئەستێرەوە گرتبێ، وەک ئەوەی لە خەوێکی قووڵدا بووبێ و هەورەتیرشقە وەئاگای هێنابێ، لە ناو گۆڕستاندا ژیانی دۆزیبێتەوە، لە ناو تۆڕی ڕاوچییەکدا بێ و ڕووحی لە ئازادی گیر بووبێ، لە ڕێگەی ڕۆیشتن بەرەو دۆزەخدا پەپوولەیەک ڕێی لێ گرتبێ و بیەوێ ڕێگای گوڵزاری نیشان بدات، لەناو مۆتەکە پڕ لە ترسەکانیەوە بەهەردوو دەستی پاڵی بەتاشەبەردی سەر ڕێگەی ڕزگاربوونەوە نابێ و ڕووناکیی لێ دەرکەوتبێ، هێڵەکانی دەکێشا و ئارامییەکی قووڵ لە سیمایەوە دیار بوو. دەستم بەسەر شانیەوە دەگرت، تەماشای نێو چاوەکانیم دەکرد و سەری هاندانم بۆی دەلەقاند.. هەستم

دەکرد ئێمە وەک دوو هاورێ ئازارەکانمان لە بناغەی بناغەوە هاوبەشن، دەستێک دەستکاری شیرازەی ئەو ئازارانەی کردووە و بەچەشنێک تێکی ئاڵۆسکاندوون کە نەتوانین سەرە داوی هیچ ئازارێک بدۆزینەوە و گرێکان بکەینەوە..

– بەڕاستی وێنەکانت جوانن ! من دڵنیام لە وێنەکێشاندا زۆر گەشە دەکەیت.

ئەو سەیری وێنەکانی دەکرد و بەسەرنجێک سەدان ساڵ چاوەڕوانی پیری کردبێ لە وێنەکان ڕادەما و تێڕامانێکی قووڵ دەیبردەوە. نەمدەزانی بیر لە تابلۆکان دەکاتەوە یان لە ژیانی.. دەنگێک لەودیو تێڕامانەکانیەوە دەیگوت:

– ئێستا هەست بە ئارامترین ساتەکانی وجوود دەکەم.. لە ناو هەزاران هەزار وێنەی کۆپیکراودا وێنە ئەسڵییەکەی خۆم دۆزییەوە.. من کە لە تینوویەتیدا گیانم دەدا و لە نزیکبوونەوەی دەریا دەترسام، ئێستا بەسەر شەپۆلەکاندا ڕێ دەکەم و بەرەو مەنزڵگەیەکی دوور دەپەڕمەوە.. پێش ئەوەی دەست بەوێنەکێشان بکەم جۆرێکی تر بووم.. لەگەڵ مۆتەکەیەکی بێ کۆتاییدا ژیانم دەگوزەراند. کەس نەیدەزانی شەوانە بەدەست ئەو مۆتەکەیەوە چەندە ئازار دەکێشم.. من هەر لە منداڵیمەوە شەوانە مۆتەکەی ناخۆش دەبینم.. دێوێکی زەبەلاح، ئەو دێوە چل دەرپێیەی کە داپیرەم لە حیکایەتەکانیدا باسی دەکرد لە جیاتی کچە شازادە منی دەدزی.. لە بناری چیایەکی سەخت و هەزار بەهەزاردا دەیبەستامەوە.. نەکوڕە پاشا و نەخەڵکی مەملەکەتیش بۆ هەوڵی ڕزگارکردنم نەدەهاتن.. تا گەورەتر دەبووم مۆتەکەکانم گریانێکی قووڵتر و هاوارێکی بەرزتر و ترسێکی شاراوەتریان لەخۆ دەگرت. تەنیا خۆشییەک لەو مۆتەکانەدا ئەوە بوو بەدزییەوە نەدەگریام، ئەگەرچی دەنگم دەرنەدەهات.. کەس گوێی لێم نەدەبوو.. دەمویست ڕاکەم لاقەکانم ناپاکییان لێ دەکردم.

ئەو هەر لە ناو تێڕامانەکانی خۆیدا زیاتر ڕۆ دەچوو، منیش یەکە یەکە

سـەیری وێنەکـانـی بەردەسـتـیم دەکـرد، پێـشـتـر دەمـزانی وێنەی زۆر جـوان دەکـێشێ، بۆیە بۆ بەرنامـەی کـەسـانی خـاوەند پێـداویسـتی تایبـەت کـە من سـەرپەرشـتـیم دەکرد داوام لێ کـرد چەنـد وێنەیەکم بۆ بکێـشێ. ئەو داواکـەی ڕەت کردمەوە و وتی:

– ناتوانم هیچ وێنەیەک بکێشم، ئێستا زۆر ڕقم لە وێنەکێشانە..

بەڵام من سوور بووم لەسەر ئەوەی کە هەر دەبێ ئەو وێنەکان بکێشێ.. هەر دەبێ ئەو وێنـەی ئافرەتێکم بۆ بکێـشێ لەسـەر عـارەبانەی کـەمئـەندامیـیـە و پێشـانگایەکی کردووەتەوە و خـەڵکی بـەوێنەکـانی سـەرسـامن.. وێنەی پیـاوێک بەدارشـەقەوە لە کتێبخـانەیەکدا لە کتێب دەگـەڕێ.. وێنەی منداڵێک قـاچێکی مین پەڕاندوویە و لە ناو پۆلدا وەڵامی پرسـیارێکی مـامۆسـتـا دەداتەوە.. وێنەی پیرەمێردێک لەسەر عارەبانەی کەمئەندامییەکەی تەختەیەکی داناوە و پاکەتی لەسەر دەفرۆشێ..

پاش هەوڵدانێکی زۆر بەدوودڵییەوە ڕازی بوو.

کەچی ئەم وێنانەی ئێستـا ئەو کێشـاونی جیاوازن.. ئەو وێنەی ژنێکی بۆ کێشـاوم عارەبانەی کەمئەندامییەکەی بووەتە ڕەشـماڵێک و هەزاران چاو وەک مەدالیا پێوەی هەڵواسـراون.. وێنەی پیاوێکی کێشـاوە دارشەقەکانی ژێربالّی بووبوون بە باڵ و بەنـاو پۆلە باڵندەیەکـدا دەفـڕێ و هیچ باڵندەیەک پەسندی ناکەن.. وێنەی منداڵێک لە نێوان هاوپۆلەکانی قوتابخـانەدا پێکەنینی سـەدان دەمـوچاو بووبوونە تیر و بەرەو دڵی دەڕۆیشـتن و لێی دەچەقین.. وێنەی کـچـێک لە ڕێگەی قـوتابخــاندا بـەدارشــەقــەوە بەژێر باراندا دەڕوا و چۆلەکـەکــان جـانتـاکـەیان بۆ هەڵگرتووە.. پیـرێک لە ژێر ڕووناکـیی مـۆمـێکدا دەنووسێ و هێزێکی نادیار ڕەشەبایەک بەرەو مۆمەکە دەنێرێ.

زۆر مـەراقـم بوو بزانم بۆ وازی لـە وێنەکـێـشـان هێنا. دەمـزانـی ڕۆژانێک حەزێکی کوشندەی بۆ وێنەکێشـان هەبوو، خـۆی پێی وتم دەیەوێ وێنە بکێشێ تاکـو سـەرنجـەکـانـی دوورتر ببـیـنن. دەمـزانی لەوەتـەی هەیە هـەر تاسـە و

حەسرەتی بۆ هەموو شتێک هەڵدەکێشا، دەمزانی وێنەکانی ناو مێشکی تووشی سەرگەردانییەکی ناکۆتایان دەکرد. چەندان جار دەستی دەگرتم و بەناو تابلۆ تەواونەکراوەکانی مێشکیدا گەشتی پێ دەکردم.. لە ناو جوانترین تابلۆی سروشتیدا وەک دوو باڵدار لەسەر بەرزترین چیا دەنیشتینەوە، لەسەر دوورگەیەک دەوەستاین لە هەر چوارلاوە دەریایەکی ناکۆتا ئابڵووقەی دەدابن، هەر چواردەوری دوورگەکە پڕ لە گوڵی سناعی بوو، بەحەسرەتەوە سەیری دەریامان دەکرد، دوودڵ بووین لەوەی بەرەو لای بڕۆین.

لە من زیاتر بۆ هیچ کەس باسی نەکردبوون. تەنیا جارێک لای دایکی نەختێکی باس کردبوون دایکی پێی وتبوو:

– ئەوانە وێنەی جنۆکەکانتن، دەنگی ئەو شەیتانەیە وا لە دەورو‌پشتت ئالاوە..

– گەر وێنەکانم هی جنۆکە بن و دەنگەکەش دەنگی شەیتان بێ، ئەی وێنەی فریشتە و دەنگی خوداوەند کامەیە؟

– کچم بەس سەرخۆت بەدیار ئەو ڕەسمۆکانەوە شۆڕ بکەوە، ڕەسمۆکە بەکەڵکی کچ نایە.

ئەو کاتانە بۆی باس دەکردم چ تامەزرۆیی و جۆش و خرۆشێک لە ناخیدا بوو. چۆن گرەوی لە مانگ دەبردەوە.. چۆن لە ناو وێنەکاندا دەبووە کچێکی سەرەڕۆ و شەیداییەک دوور دەیبرد.. لەو دوورەوە تەماشای پەیکەری خۆی لە ناو ژوورەکەیدا دەکرد، پەیکەرێک لە سەرچاوەیەکی نادیارەوە ڕووح کەوتە بەری، دەجووڵا. دەبوو بە خالقێک و دەسەلاتی بەسەر سروشتدا هەبوو.. بەفری بەسەر شاردا دەباراند و هەر کڵۆبەفرێکیش لە شێوەی نیشانەی پرسیارێک دەبارین، دەستی بۆ ناو بیرە قووڵ و ناکۆتاکەی ناخی درێژ دەکرد و قوفڵی حەز و ئارەزووەکانی دەردێنا و دڵنیا بوو لەوەی کلیلەکەی بزر کردووە بەبرووسکەی ڕەنگەکان دەیشکاند..

کەچی نەیتوانی وێنەکان تەواو بکات، نائومێدی بوو بە مێوانی

هەمیشەیی دڵی.. کە لێم دەپرسی بۆ؟ ئەو سەرنجەکانی لە زەوییەکە دەچەقاند و دەیگوت:

– نازانم چ تەلیسمێک ئەو دەسەڵاتەی من بەسەر سروشتدا هەمبوو سەندییەوە؟! ڕۆژ لە دوای ڕۆژ وێنە تەواونەکراوەکانی ناو خەیاڵم کاڵتر دەبنەوە، بەرز دەبنەوە و جێم دێڵن.. منیش بەناو بیرێکی تاریکدا بەپشتدا کەوتمە خوار، بەدەستێکم هەوڵم دەدا خۆم بگرمەوە، بەدەستەکەی تریشم هەوڵم دەدا دوورکەوتنەوەی وێنەکان ڕاگرم.. کەوتمە شوێنێکی یەکجار تاریک و نادیارەوە. هیچ نابینم، هیچیش نابیستم، تەنیا دەنگی ناو وێنەکان نەبێ، هاوارم بۆ دەکەن.. دەنگیان لە ئاسمان وەک سیمفۆنیایەکی گەردوونی وایە، شەپۆلەکانیان تێکەڵ بە هەورە سپییەکان دەبن، بەسەر جەهەنمدا دەبارین و ڕوحی من تەڕ دەکەنەوە، تێکەڵ بە تریفەی مانگ و پرشنگی ئەستێرەکان دەبن، هەموو سنوور و بەربەستەکان تێ دەپەڕێنن و لە گوێچکەی مندا دەنگ دەدەنەوە.. هەست دەکەم کانییە هەڵقووڵاوەکەی ناخم پڕ لە لم بووە، ڕیشەی درەختێک دەکێشرێ لە ئەزەلەوە چێنراوە، خەونێک چەندان مانگ و ساڵ زیندوو بوو هەناسەی دەدا لە کاتی لەدایکبووندا خنکا، چەندە سەیرە! تەنانەت فریشتەکانیش لەگەڵ مندا نین، لە ناو ئەم بیرە تاریکەوە هیچ شتێک شک نابەم تا خۆمی پێ ڕزگار بکەم.. دەزانم گریان دادی من نادات، دەبێ پڕ بە گەروو هاوار بکەم، هاوارەکەم ئەوەندە بەرز بێ تێکەڵ بەو دەنگە ئاسمانییەی تابلۆکان بێ.. لە ناو ئەم بیرەوە تا دێ دەنگی ناو تابلۆ لەدایکنەبووەکانم نزمتر دەبن.. من ویستم وێنەی دایکم تەواو بکەم کە لە بەرانبەر شەوەزەنگ ڕاوەستاوە و دڵێکی بچکۆڵەی بەدەستەوەیە، دڕندەیەکی یەجگار زەبەلاح لە وێزەی دڵە بچکۆڵەکەیە، چەندە ململانێیەکی نادادپەروەرانەیە.. وێنەی باوکم کە نەمدیوە، ئێسکە پەیکەرەکەی لە بیابانە و ڕووحیشی لە ناو نەستی مندا داوای خەلقکردنی جەستەیەکی دیکەی دەکرد.. شارەکەم کاتێ بە جۆش و خرۆشێکی بێ وێنەوە بەناو تۆفاندا ڕەت دەبێ و

نغرۆ نابێ، کەچی لە پاش تۆفان سست و خامۆشە.

وێنەی چی تەواو بکەم؟ تابلۆی زستان کە ساردی خۆی نەبینیوە، بەهار کە بێهوودە لە گوڵاڵە سوورە و سەوزایی دەگەڕێ، پایز کە گەڵاڕێزانی ون کردووە، هاوین کە جریوەی ئەستێرە و تریفەی مانگی لێ تۆراوە..

– وێنەکان زۆر جوانن، گەرچی تەواو نەکراون، بەڵام بە نیوەچڵیش بێ لە خولی ڕاهێنانەکەدا نیشانیان ئەدەم، دڵنیام بەشداربووان زۆر پێیان سەرسام دەبن.

ئەو بەگومانەوە سەیری کردم.

# دوورینی کراسێکی نوێ

ئەمڕۆ دەبووایە ئەو کراسانە بدوورم کە دوێنێ ئامادەم کردبوون بۆ دوورین، دەبوو تەواو بوونایە پاشان دەستم بەکارەکانی ناوماڵ بکردایە. ئەمڕۆش وەک زۆربەی ڕۆژەکانی تر لەسەر کورسیی دیار مەکینەکەم دانیشتوومە، کراسێکی نیوەچڵ لە ژێر مەکینەکەمە، بەڵام ئەمڕۆ دەستم دوورمان ناگرێ، چاوم بەبێ ترووسکایی سەرنج لە دەرزییەکە نادات، ناخم وەک ڕۆژان کپ و بێدەنگ ڕێم نادات دوورمان بکەم، سەدایەک بەگوێمدا دێت بۆ تاهەتا لەم دوورینە ساردم دەکاتەوە، وام لێ دەکا بیر لەوە بکەمەوە سەرتاپای ژیان و بیرکردنەوەکانم سەرلەنوێ بنیات بنێمەوە، وام لێ دەکا ئیتر خۆگونجان وەلاوە نێم، بەدوای گۆڕان لە ئاراستەیەکی بەرزا بگەڕێم، وا ملێ دەکا چی تر ئاسۆی خەونەکان بەچاوی دەرەوە نەبینم، چی تر جڵەوی ئەسپی سەرچڵی خەونەکان بە سنگی تەمەنمدا نەبەستمەوە، وام لێ دەکا هەڵوەستەیەک بکەم و ڕابمێنم، وەک ئەو بیرمەندەی کە قوم لە جگەرەکەی دەدات و مرۆڤ و نەخشەی ژیان ورد شی دەکاتەوە، وەک ئەو مێژووەی هەموو لاپەڕەکانی تەنیا تۆمارکردنی کارەسات و ستەم بێ و، ئێستا بیەوێ جگە لە تۆمارکردن بەلاپەڕەکانیدا بچێتەوە ئەوها بەژیانی خۆمدا دەچوومەوە.

پێش ئەم کارە توانا زۆر کاری تری تاقی کردەوە، کەچی نەیتوانی

دەرامەتێک بۆ خێزانەکەمان مسۆگەر بکات. زۆرمان هەوڵ دا، تا دواجار بڕیارمان دا توانا تۆپە قوماشی مەکسی لە بازاڕ بکڕێ، من لە ماڵەوە بیاندوورم ئەویش لە ناو بازاڕ کەپرێک دانێ و بیانفرۆشێ. ئەنجامی ئەم کارە باش بوو، قازانجەکەی هی ئەوە بوو ئومێدمان پێی بێ.

ئێستا بەم دەمەدەمی نیوەڕۆیە نەدەتوانم لەلای مەکینەکە هەڵسم خواردنێک بۆ نیوەڕۆی دوو کچە شیرینە بچکۆلەکانم ئامادە بکەم، نەدەستم دوورینی ئەو کراسە نیوەچڵەی ژێر مەکینەکەم دەگرێ، نەدەتوانم ئەم ژوورە گسک بدەم کە زۆربەی خەئەکانی لەخۆ گرتووە، خەوتن، خواردن، خەیاتی، خوێندنی کچەکەمان، خەم، خەوبینین.. دەیان پرسیار لە مێشکمەوە سەریان هەڵداوە، دەنگێک لە ناخمەوە بانگم دەکات. وەک ئەوەی ڕووداوەکەی ئەم بەیانییە پەیامی ئاشتبوونەوەی لەگەڵ ناخی خۆمدا بۆ ناردبم کۆمەڵێ هەستی لا دروست کردووم، هەست دەکەم گەر بەم شێوەیە لەسەر دوورمانکردن بەردەوام بم ئەو شتەی لە ناخمدایە دەمرێ، دەمرێ و ئاسەواری حوزنێکی ئەبەدی وەها بەسەر ڕوخسارمەوە جێ دێڵێ بەهەموو دنیا دڵنەوایی نەکرێ. حوزنێک شەپۆلەکانی دەریایەک لە خەم پێک دێن، ئاسمانی ئەو دەریایە ڕەهێڵە و هەورەتریشقەی تیا نییە، نمەبارانێک دەبارێنێ دڵۆپەکانی لەو ئەسرینانە دەچن کە شەوان بەدیار دوگمە و زەنگیانە لێدانەوە لە ژێر ڕووناکیی تیشکی فانۆسەکەدا دەدرەوشێنەوە. هەروەک ئەو حوزنە دوا کاردانەوەی ناخم بێت بەرانبەر بەمن و جیهان بەرگی بێدەنگیم پێ دەپۆشێ. دەمرێ و ئاسەوارێکی وا بەسەر دەست و پەنجەمەوە جێ دەهێڵێ کە ڕێ نەدا مۆرکیان بەسەر هیچ جێگایەکی ئەم شارەوە دیار بکەوێ، دەست و پەنجەیەکی ئەوەندە لاواز کە نەبەگوشینی دەستی توانا و نەدەستە ناسکەکانی منداڵەکانم خوێنی ژیانەوەیان تێدا نەزێتەوە..

من مەبەستم بوو لە دوورماندا ڕەنگێکی تر بەڕەنگەکان بدەم، نەخشێکی وەها بچنم جێی سەرسوڕمان بێ. دوورمان و نەخشم وەک هونەر تەماشا دەکرد، هونەرێک تیایدا ڕەنگ و دیزاین و هەڵبژاردنی پێکهاتەکانی گونجاو و

تەواوکەری یەکتر بن. زۆر جار کە لە دوورینی یەکێ لەم کراسانەی ئێستا دەبوومەوە لە خۆم دەپرسی ئاخۆ کەی ڕۆژێ بێ ئەو دوورمانە بدوورم کە خۆم دەمەوێ؟ دوورمانێک تێیدا شینی ئاسمانی ڕەنگێک بەشینێکی خماوی نەخنکێنم، ڕەنگی ئەرخەوانی زەردەپەڕێک بەڕەنگێکی زەق ئاڵوگۆڕ پێ نەکەم.. لەبەر هیچ نا تەنیا لەبەرئەوەی لە بازاڕدا بفرۆشرێ و ڕەواجی هەبێ. کارەکەم لەو بەرگ و شێوازە دەرچوو کە من دەمویست، وای لێ هات لەژێر کەپرێکی بەگونیە و چادر دروستکراودا و، لە شوێنێکی زۆر پیس و قەرەباڵغی شاردا دەفرۆشرا. من خەونم بەوەوە دەدی یەکێ لە ئاپارتمانە قەشەنگەکانی ناو شار بکەمە شوێنی دوورمانکردن، باشترین ئامێری چنین و کەلوپەلەکانی بۆ دەستەبەر بکەم، جوانترین دیزاین لەبەر پەیکەرەکان بکەم و نمایشیان بکەم. هەندێ جار خەیاڵ دوورتر دەیڕفاندم، لە خەیاڵمدا گەشتم بۆ وڵاتان دەکرد، لە پێشبڕکێی جیهانیدا هاوبەشیم بەدیزاینە نوێیەکانم دەکرد.. چەندە تام و لەزەتم لەو خەیاڵە دەبینی ئەوەندەش دڵم دەگوشرا، چونکە دەمزانی گەشتکردن لە نەخشەی ژیانی مندا نییە. چەندە خۆش بوو ئەو کاتانەی لە پێشانگەی ساڵانەی قوتابخانەی ناوەندیمدا بەنەخش و دوورمانەکانمەوە هاوبەشیم دەکرد، گەرچی نەدەستخۆشی و نەهاندانم لە هیچ کام لە مامۆستاکانەوە بەدی نەدەکرد، بەڵام خۆم تامێکی تایبەتیم لێ دەبینی. ئەوان تەنیا بۆ ئەوەی شوێنێکی بەتاڵی پێشانگەکە بە نەخشەکانی من پڕ بکەنەوە، سەرنجی ئەو بەرپرسانەش ڕاکێشن کە بانگهێشتن دەکران، ڕێیان پێ دەدام هاوبەشی بکەم. تەنیا خۆم بووم چێژێکی تایبەتیم لە پێشاندانی بەرهەمەکانمدا دەبینی، خۆم تاق و تەنیا کاتێ کراسێکی ناسکم لەسەر شێوەی کراسی کچە شازادەی ناو حەکایەتەکانی باپیرەم دەدووری لە خەیاڵەکانمدا خۆم لەبەرم دەکرد، دەبوومە کچە شازادە، ڕێگایەکی درێژ و پڕ لە سەرچڵیم دەگرتەبەر، بەناو دەشت و دارستانێکی سەختدا بێباک لە هەموو مەترسییەکان ڕێگەم دەبڕی.. خۆشم نەمدەزانی لە چی دەگەڕێم، دەگەیشتمە جێگەیەک وەک ئەوەی یەکەم ئینسانی سەرەتای خەلیقەت بم شێر و پڵنگ

هەڵمەتیان بۆ نەدەهێنام، وەک ئەوەی خۆم پاشای دارستان بم هەموو جێگەیەکم بەسەر دەکردەوە. دەمویست تاوەرێک بدۆزمەوە وەک ئەو تاوەرەی کە بابلییەکان دروستیان کرد تاکو بەرەو خوا بەرز بمەوە، دەمویست ئەو پرسیارانەی لێ بکەم کە هەمیشە لە مێشکمدا دەزرینگانەوە. لەو بەرزاییەوە بەهەشتی خەونەکانم ببینم، بەنیگای چاوێکی پڕ لە گومانەوە هەنگاوم بۆ ناو ئەو بەهەشتە دەنا، بەلقی دارە پڕ لە سیحر و ئەفسانە و سەرنجڕاکێشەکاندا ئەو نەخش و بەرگانەم هەڵدەواسی کە بەرهەمی هەڵقووڵاوی ڕووحی من بوون.

لە پاش شووکردن و دەست پێکردنی ژیانێکی پڕ لە گرفت و بەرپرسیاریەتی، هەستم دەکرد وردە وردە خەونەکان وەک تارماییەک ماڵاوایم لێ دەکەن. ماڵاوایی لە فەرهەنگێک دەکەن ئەلفوبێ و وشەکانی جێی ئەوانی تێدا نەدەما. لە زمانی یەکتر حاڵی نەدەبوون. تەنیا نیمچە خۆشییەک لەم دوورمانکردنە بازاڕییەدا هەبوو ئەویش ئەو شەوانەی کە کارەبامان هەبووایە تادرەنگ بەدیار دوورمانکردنەوە دەمامەوە، توانا ئاگای لە دوو کچەکە دەبوو، زۆربەی ئیشەکانی ماڵەوەشی دەکرد. گەرچی چەندەها جار ڕووبەڕووی تانە و تەشەری دایک و باوکی دەبووەوە و، پێیان دەگوت: ژنی ژنەکەت بەس ئیش بکە، حەیای پیاویشت برد. بەڵام ئەو گوێی بەو قسانە نەدەدا، لەسەر کارەکانی بەردەوام دەبوو. پاش تەواوکردنی ئیشەکان دوو پیاڵە چای خەستی لەسەر مەکینەکە دادەنا، لەسەر کورسییەک بەرانبەر من دادەنیشت، جگەرەیەکی پێ دەکرد. دەبووایە تا ئەو جگەرە و چایانە تەواو دەبوون من یەک تەقەڵ دوورمان نەدوورم. هەندێ جار گۆرانیی ئەی شەمی شەوانی بە نزمی بۆم دەگوت، یان باسی یادگارییەکی خۆشمان دەکرد، یان خۆشترین خەونی داهاتوومان.. پاش نەختێک ڕامان لە نێو چاوەکانم، هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەکێشا و دەیگوت : چرا بەسە، چی تر دوورمان مەکە، بەسە. دەزانم ماندووی. منیش هەناسەیەکی ساردتر لە هەناسەکەی ئەوم هەڵدەکێشا، لەو چرکەساتانەدا لە هەموو کات زیاتر هەستمان بەئازارەکانی یەکتری دەکرد، بەغەمگینی دەمگوت : ئاخر توانا من دەمەوێ

بەزووترین کات خانوویەکی سەربەخۆ بگرین، تۆ دەزانی لەوەتەی ئەو خاوەند خانووە نەعلەتییە چونکە نەمانتوانی پارەکەی زیاد بکەین، دەری کردین و هاتووینەتە ماڵی باوکت من لە چ ئازارێکدام، دەمەوێ لێرە بار بکەین، دەمەوێ دووکانێ بەکرێ بگری و چی تر لەژێر ئەو کەپرە نەمێنی.

ئەو چرکە ساتانە خۆم و توانام وەک دوو ماسی دەهاتە پێش چاو، دوو ماسی بەر لەوەی نەهەنگ قووتیان دا دەیانەوێ کەپرێ لەسەر ئاو دروست بکەن، وەک دوو چۆلەکە لە ژێر لێزمەی ڕەهێڵەدا بێ وچان هەوڵی پێکەوەنانی هێلانەیەک دەدەن، وەک دوو درەخت کە هەر چوار وەرزەکەی ساڵ بێهوودە چاوەڕوانی وەرزی بەرگرتنن، کەچی ئەو وەرزە هەر نایە، وا پێ دەچێ لە خولگەی زەوی و ماڵی ساڵا کۆچی کردبێ، وەک دوو ڕێبواری مایەپووچ کە زەبری ماندوویەتی ڕێگە ژوانی چەند چرکەساتێکی مەستبوونیان پێ ببەستێ، وەک دوو ئاقڵ بەزۆر لە چەند ساتێکی شێتبووندا بژین، شێتی چییە جگە لە پچڕانی پێوەندیی ئینسان بەجیهانەوە و، دروستکردنی جیهانێکی تایبەت بۆ خۆی، وەک دوو ئەکتەر لەودیو پەردەی شانۆوە چاوەڕوانی ڕۆڵە پەڕاوێزکراوەکەیانن، کەچی بەر لەوەی ئەو ڕۆڵە ببینن شانۆ تەواو دەبێ..

سەعات دەی ئەم بەیانییە، توانا بە تووڕەیی و بێزارییەوە گەڕایەوە ماڵێ، فەردەیەک جلی دووراوی لە ناو تەکسییەکە داگرت، بەغەمگینی پێی گوتم: کەپرەکەمانیان ڕماندووە، شوێنەکەشی فرۆشراوە. تەحەمولی ماڵەوەی نەبوو، بە ڕقەوە چووە دەرێ. منیش لە ئاست ئەو ڕووداوەدا دامابووم.. منێک بەوە ڕازی بووم دوورمانێکی بازاڕی بدوورم کەچی ئەو دەرگایەشیان لێ داخستم. ئاخۆ ئەمە لە دێرزەمانەوە وا بووبێ؟ ژیان گۆڕەپانی کێشەیەک بێ هەمیشە بەهێز تێیدا بیباتەوە؟ ئاخۆ لە سروشتی هەموو ئینسانێکدا حەزی بەکارهێنانی هێز و خۆسەپاندن و شەڕانی هەبن؟ تۆ بڵێی ئینسان تەنیا لە پێناو مانەوەی خۆی ئەو حەزانەی لا دروست بێ؟ بەڵام مانەوەی بەزۆر هیچ سوودێکی ڕاستەقینە ناگەیێنێ.

توانا چووە دەرێ، دەزانم ئێستا وێڵ و بریندار بەسەر شەقامەکاندا دەسووڕێتەوە، دەگەڕێ، ئێوارە درەنگ شەکەت و ناکام دەگەڕێتەوە ماڵێ. ئەم شەو ژوانی چرکەساتەکانی مەستبوون خاڵییە، ئەم شەو دەبێ چارۆگی پڕ لە خەمم بۆ خەمەکانی ئەو زیاتر بپەستم، ئەم شەو دنیا لەبەرچاوی ئەودا سنوورەکەی بەقەد سنووری ژووری خێەکانە، ئەو ژوورەی پڕە لە منەتی دایک و باوکی، ئەم شەو لە کچەکان دەخورێ، بۆیان نییە یاری و دەنگەدەنگ بکەن، ناچار زووتر لە کاتی خۆیان دەخەون، ڕەنگە لە جیاتی ئەو ئەوان خەونی ئاڵاو واڵا ببینن. کچە شیرنەکانم خەو ببینن. لەوانەیە کە ئێوە گەورە بوون سیمای شارێک بەدەرکەوێ پەتی سێدارەی هەڵواسینی مێیەتی تیا پچڕا بێ.. بای سەر شەقامی ناو بازاڕەکانی دڵی دایکان بەگڕی حەزی منداڵەکانیان نەسووتێنێ.. منیش ئەم شەو خەون بەڕوخساری ئەو شارەوە دەبینم، هەموو ئەو خەون و هەست و نەستانەی کە لە زیندانێکی ئەبەدیدا، چاوەڕوانی موعجیزەیەکی خوایی بوون ئازاد بکرێن کەچی حوکمی لە گۆڕنانیان بەسەردا درا، هەڵدەستنەوە، وەک کۆمەڵێ شەهید بەبەرگی خوێناوییەوە داوای دوورینی بەرگێکی نوێم لێ دەکەن. لەسەر شەقامەکانیدا بەزۆر لەسەر دووڕێیانی خۆم یان دەوروبەر، واقیع یان خەیاڵ، دانیشتن یان ڕاکردن، مان یان نەمان، ڕام ناگرن. لەوێ توانا بە وێڵییەوە لە شوێنێکی تر ناگەڕێ بیکاتە کەپر، هەموو ئەو کەپرانەی کە کتومت لە گۆڕ دەچن تەپیون، منیش کفن نادوورم، کراسێکی نوێ بۆ شەهیدە زیندووەکانم دەدوورم.

## ناوەرۆک

هەڵپرووکانی پەڕەی گوڵێک ........ 5
کورتە چیرۆک ڕازاو و دەریا ........ 13
ترسی ناو کۆشکێکی بە ڕەش ڕەنگکراو ........ 23
گەشتێک لە چاوەڕوانیدا ........ 31
گۆڕەپانی قوتابخانە ........ 39
وێنەکانی خولی ڕاهێنانەکە ........ 47
دوورینی کراسێکی نوێ ........ 55